زومی

# ڕێبەری زومی

# خشتەی ناوەڕۆک

بەخێرهاتن،٣
خوێندنەوەی ئێس ئۆ ئەی پی ئێسی کتێبی پیرۆز،٤
کۆمەڵەکانی بەرپرسیارێتی،٥
بازنەی نوێژکردن،٩
لیستی ١٠٠، ١٢
چیرۆکی خودا [ ئینجیل]، ١٥
دروستبون بۆ ڕۆژی کۆتایی ،١٥
لەئاوهەڵکێشان،١٨
ڕاستی وتن (شهادە) ٣- خولەک، ١٩
نانی ئێوارەی سەرگەورە،٢٠
ڕێکردنی نوێژکردن،٢٢
شێوەی کۆمەڵەی ٣/٣ ،٢٦
سوڕی ڕاهێنانکردن، ٢٩
خانەکانی ڕابەرایەتیکردن،٣٢
پلانی ٣ مانگە،٣٤
لیستی وردبینی ڕاهێنانکردن،٣٧
کۆمەڵەکانی ڕاوێژکردنی کەسانی هاوشان،٣٨
دەستنیشانکردنی چوار ڕووبەر،٣٩
کڵێسەی سادە – خشتەی نەوەکان،٤٠
پاشکۆ، ٤١

## بەخێربێن بۆ ڕاهێنانی زومی!

ئێمە خۆشحاڵین کە تۆ لێرەیت!

ڕاهێنانی زومی بریتیە لە ئەزمونێکی فێربونی ژیان و لەســـەر هێڵی ئینتەرنێتە کە دانراوە بۆ ئەو کۆمەڵە بچـوکانەی کە شـوێنی عیسـا دەکەون بۆ ئەوەی فێربن چـۆن گوێڕایەڵی (ڕاسـپاردە مەزنەکەی ئەو) بن و ئەو قوتابیانە دروستبکەن کە زیاد دەبن.

### پێکهاتنی خول

ڕاهێنانی زومی پێکدێت لە ٩ خولی بنەڕەتی و ١ خولی پێشـــکەوتوو [ کۆمەڵەکەی تۆ دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆئەم دانەیە پاش ئەوەی ڕاهێنانە ســـەرەتاییەکەی تۆ تەواو دەبێت]. هەر تاکە خولێک نزیکەی ٢ ســـەعاتە و پێکدێت لە:

- ڤیدیۆ و ئۆدیۆ (دەنگ) بۆئەوەی یارمەتی کۆمەڵەکەت بدات لە بنەما بنەڕەتیەکانی ئەو قوتابیانەی زیاد دەبن.
- گفتوگۆکردنی کۆمەڵ بۆئەوەی یارمەتی کۆمەڵەکەی تۆبدات ڕەچـــاوی گشـــتگیری ئەوە بکات چ هاوبەشیەک دەکرێت.
- ڕاهێنانی ســـادەی ماوەکورت بۆئەوەی یارمەتی کۆمەڵەکەی تۆ بدات ئێوە چـــی فێریدەبن بیکەن بە کردەکی.
- (بەرەنگاریەکانی خول) بۆئەوەی یارمەتی کۆمەڵەکەی تۆبدات بەردەوام بن لە فێربون و گەشـــەکردن لەنێوان خولەکاندا.

### سەرەتا و کۆتایی لە نوێژکردندا

شـــوێنکەوتوانی زۆری عیســـا لەســـەرانســـەری جیهان پێشـــتر نوێژیان بۆ تۆ و کۆمەڵەکەت کردووە، ئێمەش بەردەوام دەبین لە نوێژکردن کاتێک تۆ بەســـەرکەوتوویی مامەڵە لەگەڵ ئەم بابەتەدا دەکەیت. دڵنیایی بکە کۆمەڵەکەی تۆش نوێژدەکات.

لەسەرەتای هەر خولێکدا داوا لە کەسێک [یا چەند کەسێک] بکە لە کۆمەڵەکەی خۆت بۆ بانگێشکردنی گیانی پیرۆزی خودا بۆئـەوەی دڵی ئێوە ئـامـادەبکـات و ڕابـەرایـەتی کـاتـەکـەتـان پێکـەوە بکـات. بێتـە بیرت بۆ ســـوپاســـکردنی خودا بۆ ئەو هەلەی داویەتی بەتۆ بۆ زیاتر ناســـین و خۆشـــویســـتنی ئەو ( کە شـــتێکە ئەو بۆ هەمووکەسێکی دەوێت!)

لەکۆتایی هەر تاکە خولێکدا ئێوە چـانسـێکتان دەبێت بۆ دووبارە نوێژکردن وەک کۆمەڵێک. دڵنیایی بکە بۆ ئەوەی هەلێکت دەستکەوێت تا داوا لە خودا بکەیت یارمەتی تێگەیشتنت بدات لەو شتانەی ئەو فێرت دەکات و پەیڕەو یان بکەیت و هاوبەشـــیان بکەیت لەگەڵ کەســـانی تر. نوێژکردنت بیر بێت بۆ پێویســـتیە دیاریکراوەکان لەکۆمەڵەکەتدا.

## گفتوگۆکانی کۆمەڵ

تۆ ژمارەیەک هەلت دەبێت بۆ ئەوەی بۆ کۆمەڵەکەتی ڕوونبکەیتەوە تۆ چی فێردەبیت. ئەگەر تێبینی نەکرێت ئەوا دەبێت گفتوگۆکانی کۆمەڵ نزیکەی ١٠ خولەک بێت. هانی هەموو یەکێک بدە بۆئەوەی بەشـــداری بکات و هاوبەشی بیرۆکە و بۆ چونەکانی بکات. دوورنەکەویتەوە لە بەشداریکردنی شتێک کە ڕەنگە خودا بیەوێت لەڕێگەی کەسێکەوە لەناو کۆمەڵەکەت هاوبەشی بکات.

## قسەکردن بۆزانینی ئەوەی تۆ باشیت

لەســەرانســەری کۆرســەکەدا کۆمەڵەکەی تۆ چـانسـێکیان دەبێت بۆئەوەی قســە لەگەڵ بەکتری بکەن بۆئەوەی ببینن تۆ چـۆن گوێڕایەڵی دەکەیت و هاوبەشــی چــی دەکەیت کەفێری بویت. ئەم بەشـــەگرنگەی ڕاهێنانە جێ مـەهێڵـە، بـەڵام وریـابـە بۆئـەوەی حوکمی خێرا نـەدەیت. داوا ی دڵێکی نـەرم لـەخودا بکـە کـە یـارمـەتی گەشەکردنی کەسانی تر دەدات!

ئامادەیت بۆ دەستپێکردن؟ با بڕۆین!

# خولی ١

لەم خولەدا کۆمەڵەکەی تۆ کورتەیەک لە ڕاهێنانی زومی یان دەســـت دەکەوێت و فێری دوو بنەمای بنەڕەتی دروستکردنی قوتابی دەبن و دوو ئامرازی سادە دەدۆزنەوە بۆ دروستکردنی ئەو قوتابیانەی کە زیاددەبن.

## خوێندنەوەی ئێس ئۆ ئەی پی ئێسی کتێبی پیرۆز

وەک شـــوێنکەوتووی عیســـا دەبێت ئێمـە ڕۆژانە کتێبی پیرۆز بخوێنینـەوە. ڕێبـەرێکی بـاش بریتیـە لـە خوێندنەوەی نزیکەی ٢٥ – ٣٠ بەشـــی کتێبی پیرۆز بۆ هەر هەفتەیەک. پارێزگاری دەفتەری ڕۆژانە بکە هەموو ڕۆژێک بەبەکارهێنانی ئێس ئۆ ئەی پی ئێس. پێکهاتنی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز یارمەتی تۆدەدات تەنانەت زیاتر تێبگەیت و گوێڕایەڵی بکەیت و هاوبەشی بکەیت. ئێس ئۆ ئەی پی ئێس بریتیە لە:

- کتێبی پیرۆز (Scripture) : یەک یا زیاتر لەیەک ئایات بنوسە کە بەتایەبەتی بۆتۆ واتادارن، ئەمرۆ.
- چاودێری کردن (Observation) : ئەو ئایەتانە یا بیرۆکە سەرەکیەکان دووبارە بنوسە بە وشەکانی خۆت بۆئەوەی باشتر تێبگەیت.
- پەیڕەویکردن (Application) : بیربکەوە دەربارەی واتای ئەو شـــتە چـــیە بۆ گوێڕایەڵیکردنی ئەم فرمانانە لەژیانی خۆتدا.
- نوێژکردن (Prayer) : نوێژکردنێک بنوســـە کاتێک بە خودا دەڵێیت تۆ چـــی فێربویت و چـــۆن پلان دادەنێیت بۆ گوێڕایەڵی کردن.
- هاوبەشـــیکردن (Sharing) : داوالەخودا بکە ئەو دەیەوێت تۆ هاوبەشـــی لەگەڵ کێ بکەیت دەربارەی ئەو شتەی تۆ فێری بویت/پەیڕەوت کردووە. ئەمە نمونەیەکی ئێس ئۆ ئەی پی ئێسە لە کارکردندا:

ئێس – " چونکە بیرۆکەکانی من بیرۆکەکانی تۆ نین، ڕێگاکانی تۆش ڕێگاکانی من نین" خودا ڕایدەگەیەنێت.

" چونکە کاتێک ئاسمان بڵند ترە لەزەوی، ئاوەهاش ڕێگاکان و بیرۆکەکانی من بڵندترن لە ڕێگاکان و بیرۆکەکانی تۆ ." ئەشعیا ٥٥: ٨ – ٩

ئۆ – وەک مرۆڤ من سنوردارم لەو شتەی دەیزانم و بزانم چۆن ئەنجامی بدەم. خودا سنوردار نیە بەهیچ شێوەیەک. ئەو **هەموو شتێک** دەبینێت و دەزانێت. ئەو دەتوانێت **هەموو شتێک** ئەنجام بدات.

ئەی – لەبەر ئەوەی خودا هەمووشتێک دەزانێت و ڕێگاکانی ئەو باشترینن ئەوا من سەرکەوتنی زیاترم دەبێت لەژیانمدا ئەگەر من شوێن ئەو بکەوم لەبری پشتبەستن بە ڕێگاکەی خۆم بۆ ئەنجامدانی شتەکان.

پی – خودا من نازانم چۆن بە ژیانێکی باش بژیم کە تۆ دڵخۆش بکات و یارمەتی کەسانی تربدات. ڕێگاکانی من بەرەو هەڵەکردن دەڕۆن. بیرۆکەکانی من بەرەو ئازاردان دەڕۆن. تکایە لەبری ئەوە ڕێگاکان و بیرۆکەکانی خۆتم فێرکە. با گیانی پیرۆزی تۆ ڕێبەری من بکات کاتێک من شوێن تۆ دەکەوم.

ئێس – من هاوبەشی ئەم ئایەتانە و پەیڕەویکردنانە دەکەم لەگەڵ هاوڕێکەم (ستیڤ) کە بە کاتێکی قورسدا تێدەپەڕێت و پێویستی بە ئاراستەکردن هەیە بۆ ئەو بڕیارە گرنگانەی ڕووبەڕووی بۆتەوە.

## کۆمەڵەکانی بەرپرسیارێتی

کۆمەڵەکانی بەرپرسیارێتی پێکدێن لە دوو یا سێ کەسی هەمان ڕەگەز ( پیاو لەگەڵ پیاو، ژن لەگەڵ ژن ) ئەو کەسانە هەفتەی جارێک کۆبونەوەدەکەن بۆ باس کردنی کۆمەڵێک پرسیار کە یارمەتی ئاشکراکردنی ئەو ڕووبەرانە دەدات کە شتەکان تیایاندا بەراستی دەڕۆن و ڕووبەرەکانی تریش کە پێویستیان بە ڕاستکردن هەیە. ئەوان دەتوانن تەنانەت بە تەلەفۆن کۆبونەوەبکەن ئەگەر نەیانتوانی ڕووبەڕوو کۆبونەوە بکەن. هەموویەکێک لەکۆمەڵەکە پێویستی بەوەیە تێبگات کە ئەوشتەی هاوبەشی دەکرێت نهێنیە.

**چالاکی [٤٥ خولەک]** – بەش بن بۆ کۆمەڵی دوو یا سێ کەسی هەمان ڕەگەز. ٤٥ خولەکی دواتر بەسەربەرن کاتێک پێکەوە کاردەکەن لەڕێگەی پرسیارەکانی بەرپرسیارێتی ( لیستی ٢ لەخوارەوە. ) لەبەرئەوەی ئێوە خوێندنەوەی کۆمەڵێتان ئەنجام نەداوە پێش ئەم خولە، تەنیا ئەو پرسیارانە جێبێڵە کە دەربارەی خوێندنەوەکانی پێشوون. لیستی ١ ڕێگەیەکی زۆرباشە کاتێک تۆ زیاتر دەچیتە ناو ڕاهێنانەوە.

## پرسیارەکانی بەرپرسیارێتی ( لیستی ١)

نوێژبکە کە ئێمە وەک عیسا دەبین.

تۆ چۆنیت؟ ژیانی نوێژکردنت چۆنە؟

ئایا تۆ هیچ گوناحەیەکت هەیە بۆدرکاندن؟ [ تایبەت بە خزمایەتی، بەئاڵۆش (جنسـی)، دارایی، فیز، دەستپاکی، ملکەچ بون بۆ دەسەڵاتدار، هتد]

ئایا تۆ گوێڕایەڵی ئەو شتەت کرد کە خودا پێی گوتیت؟ هاوبەشی وردەکاریەکانی بکە.

ئایا تۆ نوێژت کرد بۆ " بێ باوەڕەکان" ی لیستی خزمایەتیەکەت ئەم هەفتەیە؟ ئایا تۆ هیچ چانسێکت هەبوو بۆ ئەوەی هاوبەشی بکەیت لەگەڵیان؟ هاوبەشی وردەکاریەکان بکە.

ئایا تۆ هیچ ئایەتێکی نوێت لەبەرکرد ئەم هەفتەیە؟ وەک خۆی بیڵێ.

ئایا تۆ بەلایەنی کەمەوە **٢٥** بەشـــی کتێبی پیرۆزت خوێندەوە ئەم هەفتەیە؟ خودا لە (وشـــە)کەوە چـــی بەتۆ گووت ئەم هەفتەیە؟

تۆ بەتەمایت بە دیاریکراوی چی دەربارەی ئەوە بکەیت؟

ئایا تۆ کۆبونەوەت کرد لەگەڵ کۆمەڵە **٣/٣** یەکەت ئەم هەفتەیە؟ چۆن بەڕێوە چوو؟

ئایا تۆ نمونەت دانا یا یارمەتی کەسـێکت دا لە دەسـتپێکردن بە کۆمەڵێکی نوێی **٣/٣** ئەم هەفتەیە؟ هاوبەشـی وردەکاریەکان بکە. ئایا تۆ هیچ شتێک دەبینیت کە ڕێگە دەگرێت لە ڕێکردنم لەگەڵ مەسیح؟

ئایا تۆ هەلت هەبوو بۆ هاوبەشیکردنی ئینجیل ئەم هەفتەیە؟ هاوبەشی وردەکاریەکان بکە. ئێستا پراکتیزەی **١ – ٣** خولەکی ڕاستی وتنەکان (شهادە) و ئینجیل بکە.

تۆ دەتوانیت کێ بانگێش بکەیت هەفتەی داهاتوو؟ ئەگەر کۆمەڵەکە چـــوار یا زیاتر بوو ئەوا دووئەوەندەی بکە. بە نوێژکردن کۆتایی بێنە سەبارەت بەوەی چی هاوبەشی کراوە.

## پرسیارەکانی بەرپرسیارێتی ( لیستی ٢)

چـۆن بۆچـونە ژیرانەکەی تۆ لە خوێندنەوەی هەفتەی ڕابردووتدا ڕێگەی بیرکردنەوەی تۆی داڕشـتووە؟ تۆ بۆچونە ژیرانەکەت گەیاندە لای کێ لە هەفتەی ڕابردوو و چۆن بۆچونەکە وەرگیرا؟

تۆ خودات چۆن بینیوە لەکارکردندا؟

ئایا تۆ بوویت بە ڕاستی وتن (شهادە) بۆ مەزنی عیسای مەسیح ئەم هەفتەیە بە وشەکانت و کردارەکانت؟

ئایا تۆ توشـــی بابەتێکی فریودەری بەئالۆش (جنســـی) بویت یا ڕێگەت داوە بە مێشـــکت میوانداری بیرۆکەی نەگونجاوی بەئالۆش (جنسی) بکات؟

ئایا تۆ دانپیادانت کرد بۆ خاوەنداریێتی خودا لە بەکارهێنانی پارەی خۆت؟

ئایا تۆ حەزێکی زۆرت هەبووە بۆشتێک کە خاوەنی نەبویت و کەسێکی تر هەیبوە؟

ئایا تۆ ناوبانگ یا هەســتی کەســێکی ترت بریندارکردووە بەوشـــەکانت؟ ئایا تۆ لە وشـــەکان و کردارەکانتا ناپاک بویت یا زیادەڕەویت کردووە؟

ئایا تۆ ڕادەســـتی ڕەوشـــتێکی [ بێ بەرزەفتکراو (غیر منضـــبط) یا تەمبەڵی] ئالودەیی بویت؟ ئایا تۆ بوویت بەکۆیلەی جل و بەرگ و هاوڕێ و ئیش یا سامان؟

ئایا تۆ لە کەسێکت خۆش نەبویت؟

تۆ ڕووبەڕووی چ خەمێک یا دوودڵیەک بویت؟ ئایا تۆ ســـکاڵات کردووە یا بۆڵەبۆڵت کردووە؟ ئایا تۆ پارێزگاری دڵێکی سوپاسگوزارت کردووە؟

ئایا تۆ شەرەفت داوە و تێگەیشتنت هەبووە و بەخشندەبویت لە پەیوەندیە گرنگەکانتدا؟ تۆ ڕووبەڕووی چ فریودانێک بۆیتەوەلە بیرکردنەوە و وشە یا کردار هەروەها چۆن وەڵامدانەوەت هەبوە؟ چۆن تۆ هەلت قۆستۆتەوە بۆ خزمەتکردن یا بەختەوەرکردنی کەسانی تر، بەتایبەتی باوەڕدارەکان؟

ئایا تۆ وەڵامی دیاریکراوی نوێژکردنت بینیوە؟ ئایا تۆ خوێندنەوەی هەفتەکەت تەواو کرد؟

# خولی ٢

لەم خولەدا کۆمەڵەکەی تۆ فیری ئەو جیاوازیە دەبن لەنێوان بەرهەم هێن و بەکاربەر لە شـــانشـــینی خودا. هەروەها تۆ دوو ئامرازی زیاتر فێر دەبیت و پراکتیزەی دەکەیت بۆ زیادکردنی قوتابیەکان.

## بازنەی نوێژکردن

بازنەی نوێژکردن ئامرازێکی ســـادەیە بۆ پراکتیزەکردنی نوێژکردن. تۆ دەتوانیت خۆت بەکاری بێنیت و دەشتوانیت لەگەڵ هەر شوێنکەوتویەکدا هاوبەشی بکەیت. تەنیا بە **١٢** هەنگاوی سادە کە بۆ هەر هەنگاوێک **٥** خولەکە ئەم بازنەی نوێژکردنە ڕێبەریت دەکات بەناو دوانزە ڕێگادا کە کتێبی پیرۆز وانەمان پێدەڵێت بۆ نوێژکردن. لەکۆتاییدا تۆ نوێژت کردووە بۆ یەک سەعات.



**ستایش کردن:** دەست بە سەعاتی نوێژکردنەکە بکە بە ستایشکردنی خودا. ستایشی ئەو بکە بۆ ئەوشتانەی کە لەمێشکی تۆدایە لەئێستادا. ستایشی ئەو بکە بۆ یەک شتی تایبەت کە ئەو بۆتۆی ئەنجامداوە لەژیانی خۆتا لە هەفتەی ڕابردوو. ستایشی ئەو بکە بۆ باشی خێزانەکەی خۆت.

**چاوەڕێ بکە:** کات بەسەربەرە کاتێک چاوەڕێی خودا دەکەیت. بێدەنگ بە و ڕێگەبە خودا بدە بیرکردنەوەکان بەیەکەوە ببەستێتەوە بۆتۆ.

**بدرکێنە:** داوا لە گیانی پیرۆز بکە کە هەموو شتێکت نیشان بدان لەژیانتا کە ڕەنگە دڵخۆشکەر نەبێت بۆ خودا. داوای لێبکە ئەو بۆچونانە دەستنیشان بکات کە هەڵەن هەروەها ئەو کردارە دیاریکراوانەی کە تۆ هێشتا نوێژکردنی درکاندنت بۆنەکردون. ئێستا درکاندنی ئەوە بۆخودا بکە بۆئەوەی تۆ پاکبیتەوە.

**وشەکە بخوێنەوە:** کات بەسەر بەرە کاتێک دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی زەبورەکان و پێغەمبەرەکان و دەقەکانی نوێژکردن کە لە پەیمانی نوێدان.

**داوابکە:** داواکاری بکە لەبری خۆت.

**تکاکردن:** داواکاری بکە لەبری کەسانی تر.

**نوێژی وشەکە بکە:** نوێژی دەقی دیاریکراو بکە. نوێژکردنی تایبەت بە کتێبی پیرۆز و ژمارەیەک لە زەبورەکان هەوڵی خۆیان دەبەخشن بۆ ئەم مەبەستە.

**سوپاس بکە:** سوپاسی خودا بکە بۆئەوشتانەی لەژیانی خۆتا هەن و لەبری خێزانەکەت و لەبری کڵێسەکەت.

**گۆرانی بڵێ:** گۆرانی ستایشکردن یا خوداپەرستن یا گۆرانیەکی تری ئاینی یا گۆرانی ڕۆحی بڵێ.

**بیربکەوە:** داوا لەخودا بکە بۆئەوەی قسەبۆتۆبکات. جافێک و پەرەیەکت هەبێت بۆ تۆمارکردنی ئەو کارتێکردنانەی خودا دەیدات بەتۆ.

**گوێبگرە:** کات بەسەربەرە کاتێک ئەو شتانە تێکەڵ دەکەیت کە تۆ خوێندوتەتەوە و ئەوشتانەی تۆ بەنوێژ گوتووتە و ئەو شتانەی تۆ بە گۆرانی گوتووتە هەروەها تەماشەبکە چۆن خودا هەموویان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بۆئەوەی قسەبۆتۆ بکات.

**ستایش کردن:** ستایشی خودا بکە بۆئەوکاتەی تۆ هەتبووە لەگەڵ ئەو بەسەری بەریت و بۆئەو کارتێکردنانەی ئەو داویەتی بەتۆ. ستایشی ئەو بکە بۆ سیفەتە شکۆدارەکانی ئەو.

**چالاکی [ ٦٠ خولەک] – ٦٠** خولەکی دواتر بە نوێژکردن بەسەربەرە بەکارکردنی تاکەکەسی لەرێی ڕاهێنانی ماوەکورت لە بازنەی نوێژکردنەکەدا. کاتێک دابنێ بۆ کۆمەڵەکە بۆئەوەی بگەڕێتەوە و دووبارە بەستنەوە

بکات. دڵنیایی بکە بۆ پێدانی چەند خولەکێکی زیاد بۆ هەموو یەکێک بۆ ئەوەی شوێنێکی بێدەنگ بدۆزێتەوە بۆ نویژکردن و گەڕانەوەی بۆ کۆمەڵەکە.

## لیستی ١٠٠

ئایا تۆ قەت بیرت لەکەسە نزیکەکانت کردۆتەوە وەک شتێک تۆ بەرپرسیارێتیت هەبێت بەرامبەریان؟ لیستی ١٠٠ ئامرازێکی سادەیە بۆئەوەی یارمەتی تۆبدات زیاتر بەرپرسیاربیت بەرامبەر کەسەنزیکەکانت.

خودا پێشتر ئەو پەیوەندیانەی داوەبەئێمە کە پێویستمانە بۆ " ڕۆیشتن بۆ دروستکردنی قوتابیەکان." ئەمانە خێزان و هاوڕێ و هاوسێ و هاوکار و هاوپۆلی ئێمەن ئەو خەڵکانەن کە لەسەرانسەری ژیانمان ناسیومانن یا کەمێک پێش ئێستا چاومان پێیان کەوتووە. بوون بە ڕێکخەری باشی ئەو خەڵکەی کە خودا پێشتر خستویەتیە ژیانمانەوە یەکەم هەنگاوی مەزنە لە زیادکردنی قوتابیەکان. ئەوەش دەتوانێت بە هەنگاوە سادەکەی دروستکردنی لیستێک دەست پێبکات.

**چالاکی [ ٣٠ خولەک]** – ئایا هەموو یەکێک لە کۆمەڵەکەی تۆ ٣٠ خولەکی دواتری بەسەربرد بۆ پڕکردنەوەی لیستی کەسەنزیکەکانی خۆیان بەبەکارهێنانی فۆرمەکەی خوارەوە. لەسەر هەر تاکە هێڵێک ناوێک بنوسە و دواتر باری ڕۆحی ئەو کەسە بنوسە وەک یا " قوتابی" [ کەسێک کە تۆ باوەڕت وایە پێشتر شوێنکەوتووی عیسا بووە] و " بێ باوەڕ" [ کەسێک کە تۆ باوەڕت وایە شوێنکەوتووی عیسا نیە] یا " نەزانراو."

ئەگەر هەریەکێک کاتی بەدەستەوە نەمێنێت پێش تەواوکردنی لیستەکەی ئەوا ئەو دەتوانێت لەکاتێکی دواتردا تەواوی بکات.

**بێتە بیرت** – ئەو خەڵکەی لە لیستی ١٠٠ی تۆیە دەبێت ئەو کەسانە بن کە تۆ دەزانیت چۆن پەیوەندیان پێوەبکەیت و تۆ بەستنەوەیەکی بەردەوام و ماوەدرێژت هەیەلەگەڵیان.

# لیستی ١٠٠

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1. | چۆن دەو | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ■ نەزانراو |
| 1. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٣. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٤. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٥. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٦. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٧. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٨. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٩. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٠. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١١. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٢. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٣. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٤. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٥. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٦. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٧. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٨. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ١٩. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٠. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢١. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٢. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٣. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٤. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٥. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٦. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٧. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٨. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٢٩. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٣٠. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٣١. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |
| ٣٢. | | ☐ قوتابی | ☐ بێ باوەڕ | ☐ نەزانراو |

## خولی ٣

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین چـــۆن ئابوری ڕۆحی کاردەکات و چـــۆن خودا ســـەرچـــاوەکان بەکاردێنێت بۆ باشـــترکردنی ئەوکەســـانەی بەوەفان بەو شـــتانەی کەپێشـــتر پێیان دراوە. هەروەها ئێمە دوو ئامرازی زیاتر فێردەبین بۆ دروســـتکردنی قوتابیەکان کاتێک هاوبەشـــی چـــیرۆکی خودا دەکەین لە (دروســـت بوون)ەوە بۆ (ڕۆژی کۆتایی) و (لەئاوهەڵکێشان).

### چیرۆکی خودا [ئینجیل]

عیســـا گووتی " ئێوە دەســـەڵات وەردەگرن کاتێک گیانی پیرۆز دێتە ســـەرتان. ئێوەش دەبن بە شـــایەتی من کاتێک لەهەمووشوێنێک لە ئۆرشەلیم و یەهودا و سامریە و کۆتایی زەوی باسی من دەکەن بۆ خەڵک."

عیسا زۆر باوەڕی بە شوێنکەوتوانی خۆی هەبوو، ئەو متمانەی بەوان کرد چیرۆکی خۆی بگێڕنەوە. پاشان ئەو ئەوانی ناردە دەوری جیهانەوە بۆئەوەی ئەوە ئەنجام بدەن. ئێستا، ئەو ئێمە دەنێرێت.

هیچ " باشـــترین ڕێگا" یەک نیە بۆ گێڕانەوەی چـــیرۆکی خودا [ هەروەها پێی دەگوترێت ئینجیل]، چـــونکە باشترین ڕێگا پشت دەبەستێت بە ئەو کەسەی تۆ هاوبەشی لەگەڵدا دەکەیت. دەبێت هەموو قوتابیەک فێربێت چـیرۆکی خودا بگێڕێتەوە بە شـێوەیەک کە بۆ کتێبی پیرۆز راسـتە و بەسـتنەوەیەکی واتاداری هەبێت لەگەڵ ئەو گوێگرانەی ئەو هاوبەشی دەکات.

### چیرۆکی خودا ( دروست بون بۆ ڕۆژی کۆتایی)

یەک ڕێگا بۆ هاوبەشـی کردنی هەواڵەخۆشـەکەی خودا بە گێڕانەوەی چـیرۆکی خودایە لە (دروسـت بون)ەوە بۆ (ڕۆژی کۆتایی) ( لە دەستپێکردنی مرۆڤایەتیەوە بەهەموو ڕێگەکەوە بۆ کۆتایی ئەم سەردەمە.)

کاتێک ئێمە چـــیرۆکی خودا بەم شـــێوەیە دەگێڕینەوە ئێمە دەتوانین درێژ یا کورتی بکەین، بەوردەکاریەوە باسی بکەین یا تەنیا بیرۆکە سەرەکیەکان باس بکەین بەڵام هەمیشە بەسترابێتەوە بە ڕۆشنبیری ئەو کەسەی کە گوێبیستیەتی.

بۆیارمەتی دانی گێڕانەوەی چـیرۆکەکەی خودا لەســـەرانســـەری کەلتورە جیاوازەکان و تێڕوانینی جیهان تۆ دەشتوانیت جوڵەی دەست بەکاربێنیت کە بۆ فێربون و فێرکردن ئاسانتری دەکات.

ئێرە چیرۆکی خودایە سەبارەت بە هەواڵە خۆشەکە –

" لەسەرەتادا خودا هەموو جیهان و هەمووشتێکی لەناویدا دروست کرد. ئەو (**یەکەم پیاو**) و (**یەکەم ژن**) ی دروست کرد. ئەو ئەوانی خستە باخچەیەکی جوانەوە. ئەو ئەوانی کرد بە( **بەشێک لە خێزانی خۆی**) و (**پەیوەندیەکی نزیک**)ی هەبوو لەگەڵیاندا. ئەو ئەوانی دروست کرد بۆئەوەی (**بۆهەتاهەتایە بژین**). هیچ شتێکی وانەبوو وەک مردن.

" تەنانەت لە ناو ئەم شوێنە بێگەردەدا مرۆڤ بەرەنگاری خودا بووەوە و (**گوناحە**) و (**ئەشکەنجە**)ی هێنا بۆناو جیهان. خودا مرۆڤی (**دەربەدەرکرد**) لە باخچەکە. پەیوەندیەکە لەنێوان مرۆڤ و (**خودا**) (**تێکچوو**). ئێستا مرۆڤ دەبێت بەرەورووی (**مردن**) بێتەوە.

" لە ماوەی سەدان ساڵدا (**خودا**) بەردەوام (**پەیامبەران**) ی ناردووە بۆ ناو جیهان. ئەوان مرۆڤیان لە (**گوناحە**)کەی بیرخستۆتەوە، هەروەها پێشیان گوتوە سەبارەت بە (**بەوەفایی**) و (**بەڵێنی**) خودا بۆ ناردنی (**ڕزگارکەرێک**) بۆ ناو جیهان. (**ڕزگارکەرەکە**) پەیوەندیە نزیکەکەی نێوان (**خودا**) و (**مرۆڤ**) دەگێڕێتەوە. (**ڕزگارکەرەکە**) مرۆڤ لە مردن (**ڕزگاردەکات**). (**ڕزگارکەرەکە**) ( **ژیانی هەتاهەتایی**) دەبەخشێت و لەگەڵ مرۆڤ دەبێت بۆ هەتا هەتایە.

(**خودا**) ئێمەی زۆر (**خۆش دەویێت**) و کاتێک کاتەکە گونجاو بوو خودا کوڕەکەی خۆی ناردەناو جیهان بۆئەوەی ببێت بەو (**ڕزگارکەرە**).

(**عیسا**) (**کوڕی خودا**) بوو. ئەو لەدایک بووە ناو جیهان لەڕێگەی (کچێکی پاکی داوێن پاک)ەوە. ئەو ژیانێکی بێگەرد ژیا. ئەو قەت گوناحەی نەکرد. عیسا وانەی بە خەڵک دەگووت دەربارەی خودا. ئەو شتی سەرسوڕهێنی زۆری ئەنجام دا کاتێک هێزی مەزنی خۆی نیشان دەدا. ئەو شەیتانی زۆری لەکۆڵ خستەوە. ئەو خەڵکی زۆری لەنەخۆشی چارەسەرکرد. ئەو وای لەکوێر کرد ببینێت. ئەو وای لە کەڕکرد بیستنی هەبێت. ئەو وای لە شەل کرد بڕوات. تەنانەت عیسا مردووی زیندوو کردەوە.

" زۆر لە ڕابەرانی ئاینی (**هەرە شەیان کەوتە سەر**) و (**ئیرەییان**) بە عیسا برد. ئەوان ویستیان ئەو بکوژرێت. لەبەرئەوەی عیسا قەت گوناحەی نەکردبوو ئەو نەدەبوو بمرێت. بەڵام ئەو مردنی ( **هەڵبژارد**) وەک (**قوربانیەک**) بۆ هەموو مان. مردنە پڕئازارەکەی ئەو گوناحەکانی مرۆڤایەتی داپۆشی. پاش ئەمە عیسا لە گۆڕێکدا نێژرا.

" خودا ئەو (**قوربانیە**) ی بینی کە عیسا دروستی کرد هەروەها قبوڵی کرد. خودا قبوڵکردنی خۆی نیشاندا کاتێک عیسای لە مردن هەستانەوە لە سێیەم ڕۆژدا.

ئەگەر ئێمە (**باوەڕ**) بە دڵی خۆمان بکەین کە خودا عیسای لە مردن هەستانەوە و (**دانبنێن**) بەو وەک خودای ئێمە ( **فەرمان ڕەواو پا شای ئێمە**) ئەوا ئێمە ڕزگاردەبین. وەک باوەڕداران ئێمە لەڕێگەی ژیانی پڕگوناحمان (**دووردەکەوینەوە**) و لەئاو هەڵدەکێشرێین بەناوی عیسا، کاتێک لەئاو (**دەنێژرێین**) مردوو وەک ژیانە کۆنەکەمان، لە ئاوەکەش بەرزەدەکرێینەوە هەروەک عیسا لە مردن هەستێنرایەوە، بۆئەوەی (بەژیانێکی نوێ) بژین کاتێک شوێنی ئەو دەکەوین. خودا لە هەموو گوناحەکانمان خۆش دەبێت و (گیانی پیرۆز÷مان

بۆدەنێرێت بۆ ئەوەی لە ناو ئێمە بژی بۆ ئەوەی توانامان بداتێ شـــوێن خودا بکەوین و دووبارە ئێمەش بگەڕێنێتەوە بۆ خێزانەکەی خۆی.

" کاتێک عیسا لە مردن هەستایەوە، ئەو ٤٠ ڕۆژی لەسەر زەوی بەسەربرد. عیسا شوێنکەوتوەکانی خۆی فێرکرد بڕۆن بۆ هەموو شـــوێنێک و هەواڵەخۆشـــەکەی ڕزگارکردنی ئەو باس بکەن بۆ هەموو یەکێک لەسەرانسەری جیهان.

" عیسا گوتی – بڕۆن لەهەموو نەتەوەکان قوتابی دروست بکەن کاتێک لەئاویان هەڵدەکێشن بەناوی (باوک و کوڕ و گیانی پیرۆز) و فێریان بکەن گوێڕایەڵی هەموو ئەوشـــتانە بن کە من فەرمانم کردوون. من هەمیشـــە لەگەڵ ئێوە دەبم تەنانەت بۆ کۆتایی ئەم ســەردەمە. دواتر لەبەرچـاوی خۆیا عیسا بەرزکرایەســەرەوە بۆ ئاسمان.

" ڕۆژێک عیســا (دووبارە دێتەوە) بەهەمان ئەو ڕێگایەی کە ڕۆیشـــت. ئەو هەموو ئەوکەسـانە (سـزا دەدات بۆهەتاهەتایە) کە خۆشـــیان نەویســـتوە و گوێڕایەڵیان نەکردووە. ئەو (پێشـــوازی) لەوکەســـانە دەکات و (خەڵاتیان دەکات بۆ هەتاهەتایە) کە خۆشـیان ویســتووە و گوێڕایەڵی بوون. ئێمە (بۆ هەتا هەتا) لەگەڵ ئەو (دەژین) لە ئاسمانێکی نوێ لە سەر زەویەکی نوێ.

" من (باوەڕم) بەو قوربانیە کرد و (وەرمگرت) کە عیسا بۆ گوناحەکانی من بەخشی. ئەو منی پاک کرد و منی گێڕایەوە وەک بەشـــێک لە خێزانی خودا. ئەو منی خۆش دەوێت منیش ئەوم خۆش دەوێت و بۆ هەتا هەتا لەگەڵ ئەو دەژیم لە شانشینەکەی خۆی.

" خودا تۆی خۆش دەوێت و دەیەوێت تۆش ئەم دیاریە وەربگریت. ئایا تۆ دەتەوێت ئێستا ئەمە بکەیت؟

**چـــالاکی [٤٥ خولەک]** – بەش بن بۆ کۆمەڵی دوو یا ســێ کەســـی و ٤٥ خولەکی دواتر بەســـەربەرن بە پراکتیزەکردنی گێڕانەوەی چـــیرۆکی خودا. ٥ کەس هەڵبژێرە لە لیســـتی ١٠٠ کەس کە تۆ نیشـــانەتکردووە وەک " بێ باوەڕ" ێک یا " نەزانراو" ێک. داوا لەیەکێک بکە خۆی دەرخات وەک هەریەک لەو پێنج کەســـە و پراکتیزەی گێڕانەوەی چیرۆکی خودا بکە بەڕێگەیەک کە تۆ پێتوایە واتادار دەبێت بۆ ئەو کەسە دیاریکراوە.

تۆ دەتوانیت چـــیرۆکی (دروســـت بوون) بۆ (ڕۆژی کۆتایی) بەکاربێنیت یا ڕێگەیەکی تر کە تۆپێتوایە باش کاردەکات بۆ ئەو کەســـەی تۆ هاوبەشـــی لەگەڵدەکەیت. پاش ئەوەی ئێوە پراکتیزەتان کرد ئاڵوگۆڕ بکەن. وادەریخە ببیت بە پێنج کەسەکەی یەکێکی تر لە لیستەکەی. ئەو کاتەی ئێوە تەواو دەبن ئێوە ئامادە دەبن بۆ هاوبەشیکردنی چیرۆکی خودا.

## لەئاوهەڵکێشان

عیسا گووتی – " بڕۆن قوتابی لە هەموو نەتەوەکان دروست بکەن کاتێک لەئاویان هەڵدەکێشن بەناوی (باوک و کوڕو گیانی پیرۆز)..."

لەئاوهەڵکێشـان – یا (باپتیزۆ) بە زمانی ڕەسـەنی یۆنانی –واتای خسـتنەناو ئاو – وەک کاتێک تۆ قوماشـێک ڕەنگ دەکەیت، قوماشـــەکە دەخرێتە ناو ڕەنگ و بە گۆڕاوی دێتە دەرەوە. لەئاوهەڵکێشـــان بریتیە لە وێنەیەکی ژیانە نوێیەکەمان کاتێک ئێمە دەخرێینە ناو وێنەی عیسا وە و بەگوێڕایەڵیکردنی خودا دەگۆڕێین. ئەوە وێنەیەکی مردنی ئێمەیە بۆ گوناحەکردن تەنیا وەک ئەوەی عیســـا مرد لەپێناو گوناحەکانی ئێمە و ناشـــتنی ڕێگەی ژیانە کۆنەکەمان تەنیا وەک ئەوەی عیســـا نێژرا و دووبارە لەدایک بون بۆ ژیانێکی نوێ لە مەسیح دا تەنیا وەک ئەوەی عیسا هەستایەوەو ئەمڕۆ دەژی.

ئەگەر تۆ هیچ کەسـێکت لەئاوهەڵنەکێشـاوە پێشـتر ئەوا ڕەنگە لە ترسـێنەر بچـێت بەڵام نابێت وابێت. ئێرە چەند هەنگاوێکی سادەن:

1- هەندێک ئاوی وەســـتاو بدۆزەوە، ئەوەندە قوڵ بێت کە ڕێگە بە قوتابیە نوێیەکە بدات بخرێتە ناو ئاوەکەوە. ئەمە دەتوانرێت گۆمێک، ڕووبارێک یا زەریایەک بێت. ئەوە دەتوانرێت بانیۆیەکی حەمام بێت یا ڕێگەیەکی تر کە ئاو کۆدەکاتەوە.
2- ڕێگە بە قوتابیەکە بدە دەستێکی تۆ بگرێت بەدەستی خۆی و بەدەستەکەی تریشت پشتی ئەو ڕاگرە.
3- دووپرســـیار بکە وەک ئەمانە بۆدڵنیابوون لەوەی ئەو لە بڕیارەکەی خۆی تێدەگات. " ئایا تۆ پێشوازیت لە عیسای مەسیح کردووە وەک خودا و ڕزگارکەری تۆ؟"
ئایا تۆ گوێڕایەڵی ئەو دەکەیت و خزمەتی ئەو دەکەیت وەک پاشای خۆت لە تەواوی ژیانت؟"
4- ئەگەر ئەو وەڵامی " بەڵێ" ی دایەوە بۆ هەردوو پرسیارەکە، دواتر شتێک بڵێ وەک ئەمە:
" چـونکە تۆ باوەڕی خۆت بە خودا عیســا ڕاگەیاند ئێســتا من تۆ لەئاوهەڵدەکێشــم بەناوی (باوک و کوڕو گیانی پیرۆز)."
5- یارمەتی بدە بۆناوئاوەکە نزم ببێتەوە و بەتەواوی بچـــێتە ژێرئاوەکە و دووبارە بەرزی کەرەوە بۆسەرەوە.

پیرۆزت بێت! تۆ شوێنکەوتویەکی نوێی عیسا (هاوڵاتیەکی نوێی ئاسمان) ( منداڵێکی نوێی خودا زیندوەکەت) لەئاوهەڵکێشا. ئێستا کاتی ئاهەنگ گێڕانە.

**بیرهێنا نەوەی گرنگ** – کۆمەڵەکەی تۆ ئاهانگی نانی ئێوارەی خودا دەگێڕن لە خولی ٤دا. دڵنیابە لە بیرهاتنەوەی زەخیرەکان [ نان و شەراب/شەربەت]

# خولی ٤

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین خودا چــۆن پلانی بۆ هەموو شـــوێنکەوتویەک داناوە بۆ ئەوەی زیادبێت! ئێمە ئاشـــکرایدەکەین کە هەندێ جار بەوەفاترین شـــوێن کەوتوو لەوشـــوێنانەوە دێن کەکەمترین چـــاوەڕێی لێدەکرێت. هەروەها ئێمە ئامرازێکی مەزنی تر فێردەبین بۆ بانگێشـــکردنی کەســـانی تر بۆناو خێزانی خودا کە بەقەدەر گێڕانەوەی چیرۆکەکەمان ئاسانە.

## ڕاست وتنی (شهادە) ٣ خولەک

عیسا بەشوێنکەوتووەکانی خۆی گووت – "" ئێوە شایەتی ئەم شتانەن.""

وەک شـــوێن کەوتووانی عیســـا ئێمە هەروەها "" شـــایەتین"" کاتێک "" شـــایەتی دەدەین"" دەربارەی ئەو کارتێکردنەی عیسا هەیبووە لەسەر ژیانمان. چیرۆکی پەیوەندی تۆ لەگەڵ خودا پێی دەگوترێت (ڕاستی وتن) ی تۆ. هەموو یەکێک چـیرۆکێکی هەیە. هاوبەشـــی کردنی (ڕاســـتی وتن)ەکەی (شـــهادە)خۆت چـانسـێکە بۆ پراکتیزەکردنی چیرۆکەکەی خۆت.

ڕێگای بێ کۆتایی هەیە بۆ داڕشتنی چیرۆکەکەی خۆت، بەڵام ئەمانە هەندێک ڕێگان کە ئێمە بینیومانە بەباشی کاردەکەن.

- **وتەیەکی سادە –** تۆدەتوانی هاوبەشی وتەیەکی سادەبکەیت دەربارەی ئەوەی بۆچی هەڵتبژارد شوێن عیسا بکەویت. ئەمە بەباشی کاردەکات بۆ باوەڕدارێکی نوێ.
- **لەپێش و لەپاش –** تۆدەتوانی هاوبەشـــی چـیرۆکی ""لەپێش"" و "" لەپاش"" بکەیت (ژیانی تۆ لە چـــی دەچوو پێش ئەوەی تۆ عیسا بناسیت و ژیانی تۆ ئێستا لەچی دەچێت. سادەو بەهێزە.)
- **لەگەڵ و بەبێ –** تۆ دەتوانیت هاوبەشـــی چـــیرۆکی "" لەگەڵ"" و "" بەبێ"" بکەیت ( ژیانی تۆ لەچـــی دەچـــێت "" لەگەڵ عیســـا"" و لەچـــیش دەچـــێت "" بەبێ ئەو"". ئەم نمونەی چـــیرۆکەی تۆ بەباشـــی کاردەکات ئەگەر تۆ لە تەمەنێکی گەنجدا هاتبیتە باوەڕەوە.

کاتێک تۆ هاوبە شی چیرۆکەکەت دەکەیت یارمەتی دەردەبێت ئەگەر وەک بە شێک لە پرۆ سەیەکی سێ بە شی بیری لێ بکەیتەوە:

- **چیرۆکی ئەوان** – داوا لەو کەســە بکە کە تۆ قســەی لەگەڵ دەکەیت، هاوبەشـی گەشـتی ڕۆحی خۆی بکات.
- **چـیرۆکی خۆت –** پاشـان هاوبەشـــی ئەو (ڕاســـتی وتن)ە ی (شـــهادە) خۆت بکە کە لەدەوری ئەزمونی ئەواندا درێژراوە.
- **چیرۆکی خودا** – لەکۆتاییدا هاوبەشی چیرۆکی خودا بکە بە ڕێگەیەک کە دەبەستریتەوە بە پێشەکێتی (اولویە) و بەهاو بینینی جیهانی ئەو کەسە.

پێویست ناکات (ڕاستی وتن)ە (شهادە)کەی تۆ دووورودرێژبێت یا هاوبەشی وردەکاری زۆربکەیت بۆئەوەی پڕ کارتێکردن بێت. لەڕاستیدا بەردەوام بوون لە چیرۆکەکەت بۆ نزیکەی ٣ خولەک کات جێ دەهێڵێت بۆ پرسیارکردن و ئاخاوتنی قوڵتر.

ئەگەر تۆ خەمی ئەوەت هەبوو چۆن دەست پێبکەیت – بە سادەیی لە سەی بڕۆ. خودا دەتوانێت چیرۆکەکەی تۆ بەکاربێنێت بۆ گۆڕینی ژیان، بەڵام بێتە بیرت (تۆ ئەو کەسەیت کە دەبێت بیڵێت.)

**چالاکی [٤٥ خولەک]** – بەش بن بۆ کۆمەڵی دوو یا سێ کەسی و ٤٥ خولەکی دواتر بەسەربەرن بە پراکتیزەکردنی هاوبەشیکردنی (ڕاستی وتن)ی (شهادە)خۆت. ٥ کەس هەڵبژێرە لە لیستی ١٠٠ کەس کە تۆ نیشانەتکردووە وەک "بێ باوەڕ" یک یا "نەزانراو" یک. داوا لەیەکێک بکە خۆی دەرخات وەک هەریەک لەو پێنج کەسە و پراکتیزەی (ڕاستی وتن)ی (شهادە) خۆت بکە بەڕێگەیەک کە تۆ پێتوایە واتادار دەبێت بۆ ئەو کەسە دیاریکراوە.

تۆ دەتوانیت هەریەک لەو نمونانە بەکاربێنیت کە لەسەرەوە بەوردەکاریەوە باس کراون یا ڕێگەیەکی تر کە تۆپێتوایە باش کاردەکات بۆ ئەو کەسەی تۆ هاوبەشی لەگەڵ دەکەیت. پاش ئەوەی ئێوە پراکتیزەتان کرد ئاڵوگۆڕ بکەن. وادەریخە ببیت بە پێنج کەسەکەی یەکێکی تر لە لیستەکەی. ئەو کاتەی ئێوە تەواو دەبن دەبێت ئێوە بتوانن (ڕاستی وتن)ە (شهادە) کەی خۆتان باس بکەن لەنزیکەی ٣ خولەکدا یە کەمتر.

## نانی ئێوارەی سەرگەورە

عیسا گووتی – ""من ئەو نانە زیندووەم کە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە. هەرکەسێک ئەم نانە بخوات ئەوا بۆهەتا هەتا دەژی. ئەم نانە گۆشتی منە کە من دەیبەخشم بۆ ژیانی جیهان.""

کۆنوێژی پیرۆز یا "" نانی ئێوارەی سەرگەورە"" ڕێگەیەکە بۆ ئاهەنگ گێڕانی بەستنەوەی نزیک و پەیوەندی بەردەواممان لەگەڵ عیسا. ئێرە ڕێگەیەکی ئاسانە بۆئاهەنگ گێڕان ...

کاتێک ئێوە کۆدەبنەوە وەک شـــوێنکەوتوانی عیســـا کات بەســـەربەرن بە بیرکردنەوەی بێدەنگ کاتێک بە بێدەنگی ڕەچـــاوی گوناحەکانتان دەکەن و دەیاندرکێنیت. کاتێک تۆ ئامادەدەبیت داوا لەیەکێک بکە ئەم دەقەی کتێبی پیرۆزەت بۆبخوێنێتەوە ....

---

"" لـەبـەر ئـەوەی من لـەخـوداوە وەرمگرت هـەروەهـا بـەئێوەشـــم گـەیـانـد کـە ئەوشـــەوەی خودا عیســـا ناپاکی لەگەڵکرا، نانێکی هەڵگرت کاتێکیش ئەو ســـوپاس گوزاری دەربڕی ئەو نانەکەی لەت کرد و گووتی "" ئەمە جەســـتەی منە کە بۆئێوەیە و ئەم کارە ئەنجام بدەن بۆیادەوەری من.""

**١ کۆرینتیان ١١: ٢٣ – ٢٤**

---

ئەو نانە دابەش بکە کە تۆ تەرخانتکردووە بۆ کۆمەڵەکەت و بیخۆ. لە خوێندنەوە بەردەوام بە.....

---

"" بەهەمان ڕێگا ئەو جامەکەی هەڵگرت دوای نانی ئێوارە کاتێک گووتی " ئەم جامە بەڵێنێکی نوێیە لەناو خوێنمدا و ئەم کارە ئەنجام بدەن بەقەدەر ئەوەی دەیخۆنەوە بۆ یادەوەری من.""""

**١ کۆرینتیان ١١: ٢٥**

---

هاوبەشـی ئەو شـەربەتە یا شـەرابە بکە کەتۆ تەرخانت کردووە بۆ کۆمەڵەکەت و بیخۆرەوە. خوێندنەوەکە تەواو بکە.....

---

"" بەقەدەر ئەوەی ئێوە ئەم نانە دەخۆن و جامەکە دەخۆنەوە ئێوە مردنی خودا ڕادەگەیەنن هەتا ئەو دەێت. ""

**١ کۆرنتیان ١١: ٢٦**

---

ئاهەنگ بگێڕە بە نوێژکردن یا گۆرانی وتن. تۆ هاوبەشیت لە نانی ئێوارەی سەرگەورە کرد. تۆ هی ئەویت. ئەویش هی تۆیە!

**چالاکی [ ١٠ خولەک]** (١٠ خولەکی دواتر بەسەربەرە بە ئاهەنگگێڕانی نانی ئێوارەی سەرگەورە لەگەڵ کۆمەڵەکەت.)

# خولی ٥

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین چـۆن ڕێکردنی نوێژکردن ڕێگەیەکی بەهێزە بۆئامادەکردنی گەڕەکێک بۆ عیسـا هەروەها ئێمە نمونەیەکی سـادە بەڵام بەهێز فێردەبین بۆ ئەو نوێژەی کەیارمەتیمان دەدات بەدرێژایی ڕێگاکە چاومان بە قوتابی نوێ بکەوێت و قوتابی نوێش دروستبکەین.

## ڕێکردنی نوێژکردن

(وشـەی خودا) دەڵێت کە دەبێت ئێمە "" بپاڕێینەوە و نوێژبکەین و تکابکەین و سـوپاس گوزاری دەرببڕین بۆهەموو خەڵک. بۆپاشـاکان و بۆهەموو ئەوانەی لەدەسـەڵاتدان – بۆئەوەی ئێمە بە ژیانێکی ئاشـتیانە وهێمنانە بژین بەهەموو خواوەندیەک و پیرۆزیەکەوە. ئەمە باشـە و (خودای ڕزگارکەرمان) دڵخۆش دەکات ئەو خودایەی کە دەیەوێت هەموو خەڵک ڕزگاری بێت وبگات بە زانینێکی ڕاستیەکە.

(ڕێکردنی نوێژکردن) ڕێگەیەکی سـادەیە بۆ گوێڕایەڵی کردنی فرمانی خودا بۆنوێژکردن بۆکەسـانی تر. هەروەها ئەوە تەنیا لەوە دەچێت وەک (نوێژکردن بۆ خودا لەکاتێکدا لەم لاو لا ڕێدەکەیت)

لەجیاتی ئەوەی چاوەکانی خۆمان دابخەین و سەری خۆمان شـۆڕبکەین ئێمە چاوەکانی خۆمان دەکەینەوە بۆ ئەو پێویسـتیانەی کە ئێمە لەچـواردەوری خۆمان دەیبینین و دڵی خۆمان دادەنەوێنین بۆئەوەی بە بێ فیزانە داوالەخودا بکەین بۆئەوەی دەست تێخستن بکات.

تۆ دەتوانیت بە کۆمەڵی بچـوکی دوو یا سـێ کەسـی ڕێکردنی نوێژکردن بکەیت یا خودی خۆت دەتوانیت ڕێکردنی نوێژکردن بکەیت.

ئەگەر تۆ بە کۆمەڵ بڕۆیت – هەوڵ بدە هەموو یەکێک بەدەنگی بەرز نوێژبکات ( کە ئاخاوتنێکە لەگەڵ خودا دەربارەی ئەوەی هەموو یەکێک چی دەبینێت و دەربارەی ئەو پێویستیانەی کە خودا دەیهێنێت بۆناو دڵیان. ئەگەر تۆ خودی خۆت ڕۆیشـتیت – هەوڵبدە بە بێدەنگی نوێژبکەیت کاتێک بەتەنیا بیت هەروەها بەدەنگی بەرز کاتێک تۆ لەگەڵ یەکێک نوێژدەکەیت کە لەسەر ڕێگاکە چاوت پێدەکەوێت.

ئێرە چوار ڕێگایە کە تۆ دەتوانیت بزانیت نوێژ بۆ چی بکەیت لەماوەی ڕێکردنی نوێژکردنەکەت:

**چـاودێریکردن –** تۆ چـی دەبینیت؟ ئەگەر تۆ یاریەکی منداڵت بینی لە حەوشـەیەکدا، ڕەنگە تۆ هانبدرێیت بۆنوێژکردن بۆ منداڵانی گەڕەکەکە، بۆ خێزانەکان یا قوتابخانەکانی شوێنەکە.

**توێژینەوە –** تۆ چی دەزانیت؟ ئەگەر تۆ شتت لەسەر گەڕەکەکە خوێندبێتەوە ئەوا ڕەنگە تۆ شـتێک بزانیت دەربارەی ئەو خەڵکەی لەویا دەژین یا ئەگەر شـوێنەکە ئەشـکەنجەی هەبێت لە تاوان و ناداتپەروەری. نوێژ دەربارەی ئەم شتانە بکەو داوا لەخودا بکە ڕەفتاربکات.

**ئاشکراکردن –** ڕەنگە گیانی پیرۆز دڵت بجوڵێنێت یا بیرۆکەیەک بخاتە مێشکەوە بۆ پێویستیەکی تایبەت یا ڕووبەرێکی نوێژکردن. گوێبگرە – نوێژبکە!

**کتێبی پیرۆز –** ڕەنگە تۆ بە شێکی (و شەی خودا) ت خوێندبێتەوە بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕێکردنەکەت یا کاتێک تۆ ڕێدەکەیت ڕەنگە گیانی پیرۆز نوسینێکی کتێبی پیرۆز بێنێتە مێشکتەوە. نوێژبکە دەربارەی ئەو دەقە و چۆن کاربکاتە سەر خەڵکی ئەو شوێنە.

ئێرە پێنج ڕووبەری کارتێکردنە کە تۆدەتوانیت سەرنج بخەیتە سەریان لەماوەی ڕێکردنی نوێژکردنەکەت.

**حکومەت –** بگەڕێ بەدوای ناوەندەکانی حکومەت وەک دادگاکان بیناکانی ڕاسپاردن یا ئۆفیسەکانی جێبەجێکردنی یاسا و نوێژیان بۆبکە. نوێژبکە بۆ ڕووبەرەکانی پارێزگاریکردن بۆ دادپەروەری هەروەها بۆ ژێری خوداوەندی ڕابەرەکانی.

**کار و بازرگانی –** بگەڕێ بەدوای ناوەندە بازرگانیەکان وەک ناوچەداراییەکان یا ڕووبەری بازارکردن و نوێژیان بۆبکە. نوێژبکە بۆ وەبەرهێنانی ڕاستگۆ و بەڕێوەبردنی باشی سەرچاوەکان. نوێژبکە بۆ دادپەروەری و هەلی ئابوری هەروەها بۆ بەخشەرانی خوداوەندی و بەخشندە ئەوانەی خەڵک دەخەنە پێش قازانجەوە.

**پەروەردە –** بگەڕێ بەدوای ناوەندەکانی پەروەردە وەک قوتابخانە و بیناکانی کارگێڕی و ناوەندەکانی ڕاهێنانی پیشەیی و کۆلیجەکان و زانکۆکانی کۆمەڵگا و نوێژیان بۆبکە. نوێژبکە بۆ پەروەردەکەری ڕاستگۆ بۆ فێرکردنی ڕاستی خودا و پارێزگاریکردنی مێشکی قوتابیەکانیان. نوێژبکە کە خودا دەست تێخستن لە هەموو ئەوهەولانە دەکات کە درۆ یا سەرلێشێوان زۆردەکەن. نوێژبکە کە ئەم شوێنانە هاولاتی ژێر بنێرن بۆخەڵک کە دڵێکیان هەیە بۆ خزمەتکردن و ڕابەرایەتیکردن.

**گەیاندن –** بگەڕێ بەدوای ناوەندەکانی گەیاندن وەک وێستگەی ڕادیۆ و وێستگەی تەلەفزیۆن و دەزگاکانی پەخشی ڕۆژنامەکان و نوێژیان بۆبکە. نوێژبکە بۆ(چیرۆکی خودا) و ڕاست وتنی (شهادە) شوێنکەوتووەکانی بۆئەوەی لەسەرانسەری شارەکە و جیهان بلاوببنەوە. نوێژبکە کە پەیامەکەی ئەو دەگات لەڕێگەی نێوان گیرەکەیەوە بۆ جەماوەرەکەی و کە خەڵکی خودا لەهەمووشوێنێک کاری خودا دەبینن.

**ڕۆحانیەت –** بگەڕێ بەدوای ناوەندە ڕۆحیەکان وەک بیناکانی کلێسە و مزگەوتەکان یا پەرستگاکان و نوێژیان بۆبکە. نوێژبکە کە هەموو پشکنەرێکی ڕۆحی ئاشتی و ئاسودەیی لە عیسادا دەبینێت و بە هیچ ئاینێکی هەڵە سەرنجی لاناچێت و ناشڵەژێت.

**چالاکی [ ٦٠ – ٩٠ خولەک]** بەشبن بۆ کۆمەڵی دوو یا سێ کەسی و برۆ ناو کۆمەڵگا بۆ پراکتیزەکردنی ڕێکردنی نوێژکردن. هەڵبژاردنێکی شوێنێک بەقەدەر ئەوە ئاسانە کاتێک لە خولەکەی ئێستای خۆتدا

ڕێدەکەیت بۆ شوێنی مەبەستی نوێژکردنت و پلاندانانت. برۆ هەروەک خودا ڕابەرایەتی دەکات و پلان دابنێ بۆ بەسەربردنی ٦٠ –٩٠ خولەک لەسەر ئەم چالاکیە.

**تێبینی** – دڵنیایی بکە کە تۆ فێری نوێژکردنی (بی ئێڵ ئی ئێس ئێس)ی خوارەوە دەبیت و پراکتیزەی دەکەیت پێش ئەوەی بڕۆیت.

## نوێژکردنی بی ئێڵ ئی ئێس ئێس

لەکۆتاییدا ئێرە پێنج ڕێگایە کە تۆ دەتوانیت نوێژ بۆئەوخەڵکە بکەیت کە تۆ دەیانبینیت لەماوەی ڕێکردنی نوێژکردنەکەت:

کاتێک تۆ ڕێدەکەیت و نوێژدەکەیت وریای هەلەکان بە و گوێبگرە لەو هاندانانەی لەلایەن ڕۆحی خوداوە دێن بۆ ئەوەی نوێژ بۆ ئەو تاکەکەس و کۆمەڵانە بکەیت تۆ چاوت پێیان دەکەوێت لەسەر ڕێگاکەت.

تۆ دەتوانیت بڵێیت "" ئێمە نوێژ بۆئەم کۆمەڵگایە دەکەین، ئایا هیچ شـــتێکی تایبەت هەیە ئێمە بتوانین بۆ تۆ نوێژی بۆبکەین؟ یاخود بڵێ "" من نوێژ بۆ ئەم شـــوێنە دەکەم. ئایا تۆ هیچ شـــتێکی تایبەت دەزانیت ئێمە بتوانین نوێژی بۆبکەین؟"" پاش ئەوەی تۆ گوێبســـتی وەڵامەکەیان بیت تۆ دەتوانیت پرســـیار دەربارەی پێویســـتیەکانی خۆیان بکەیت. ئەگەر ئەوان هاوبەشـــی بکەن ئەوا دەســـتبەجێ نوێژیان بۆبکە. ئەگەر خودا ڕابەرایەتی بکات ئەوا تۆ ڕەنگە نوێژ دەربارەی پێویستیەکانی تریش بکەیت.

وشـــەی (BLESS) بی ئێڵ ئی ئێس ئێس بەکاربێنە بۆئەوەی یارمەتی تۆبدات ٥ ڕێگای جیاوازت بیتەوە بیر کە تۆ دەتوانیت نوێژبکەیت:

- جەستە [تەندروستی]
- کار [ ئیش و دارایی]
- سۆزداری [ ورە]
- کۆمەڵایەتی [ تایبەت بە کەسە نزیکەکان]
- ڕۆحی [ زانین و خۆشویستنی زیاتری خودا]

لەزۆربەی حاڵەتەکاندا خەڵک سوپاس گوزارن کە تۆ ئەوەندە بایەخداریت نوێژیان بۆبکەیت.

ئەگەر کەســەکە مەســیحی نەبێت ڕەنگە نوێژکردنەکەی تۆ دەرگایەک بکاتەوە بۆ ئاخاوتنێکی ڕۆحی و هەلێک بکاتەوە بۆ هاوبەشــیکردنی چــیرۆکی خۆت و چــیرۆکی خودا. تۆ دەتوانیت بانگێشــی ئەو بکەیت بۆ ئەوەی ببێت بەبەشێک لە لیکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز یا تەنانەت یەکێکی میوانداری کتێبی پیرۆز لەماڵی خۆی.

ئەگەر کەسەکە مەسیحی بێت تۆ دەتوانیت بانگشی ئەو بکەیت بۆئەوەی بێتە پاڵ ڕێکردنی نوێژکردنت یا ڕاهێنانی پێبکەیت ئەو چۆن ڕێکردنی نوێژکردن بکات هەروەها هەنگاوی سادە بەکاربێنە وەک نوێژکردن بۆ ڕووبەرەکانی کارتێکردن یا نوێژکردنی بی ئێڵ ئی ئێس ئێس بۆئەوەی زیاتر گەشەبدات بە خێزانی خودا.

چالاکی [ ۱٥ خولەک] – بەش بن بۆ کۆمەڵی دوو یا سێ کەسی و ۱٥ خولەکی دواتر بەسەربەرە بە پراکتیزەکردنی نوێژکردنی بی ئێڵ ئی ئێس ئێس. پراکتیزەی نوێژکردنی ٥ ڕووبەرەکەی نوێژکردنی بی ئێڵ ئی ئێس ئێس بکە بۆیەکێک هەروەها پراکتیزەبکە تۆ چۆن ڕاهێنان بە کەسانی تریش دەکەیت بۆ تێگەیشتن لە بەکارهێنانی نوێژکردنی بی ئێڵ ئی ئێس ئێس.

# خولی ٦

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین چـۆن خودا شـوێنکەوتووە بەوەفاکان بەکاردێنێت ( تەنانەت ئەگەر ئەوان نوێش بن) زیاتر لەوانەی سـالآنی زانین و ڕاهێنانیان هەیە و تەنیا گوێڕایەڵ نین. هەروەها ئێمە لەنزیکەوە سـەیری ڕیگەیەک دەکەین بۆ ئەوەی پێکەوە کۆبینەوە کە یارمەتی قوتابیەکان دەدات زۆر بەخێرایی زیادبکەن.

## شێوەی کۆمەڵەی ٣/٣

عیسا گووتی – "" لەهەرشوێنێک دوو یا سێ کەس پێکەوە کۆبونەوە بەناوی من ئەوا من لەویم لەنێوانیان.""

ئەوە بەڵێنێکی بەهێزە هەروەها ئەوە بەڵێنێکە کە دەبێت هەموو شوێنکەوتوویەکی عیسا سودی لێوەرگرێت. بەلآم کاتێک ئێوە دێنە لای یەکتر وەک کۆمەڵێک دەبێت ئێوە چۆن کاتەکەتان بەسەربەرن؟

کۆمەڵێکی **٣/٣** بریتیە لەو کۆمەڵەی کە کاتەکەیی بەش دەکات بۆ **٣** بەش بۆئەوەی ئەوان بتوانن پراکتیزەی گوێڕایەڵیکردنی هەندێک لە گرنگترین ئەو شتانە بکەن کە عیسا فەرمانی پێدەکات.

ئەمەی خوارەوە بریتیە لەوەی چۆن ئەوە کاردەکات:

**سەیری دواوەوە بکە [ ٣/١** ی کاتەکەت]

**بایەخ و نوێژکردن**: کاتت هەبێت بۆ ئەوەی داواله هەرتاکەکەسـێک بکەیت هاوبەشـی شـتێک بکات کە ئەو سـوپاس گوزاریەتی. دواتر دەبێت هەرتاکە کەسـێک هاوبەشـی شـتێک بکات کە ئەو کۆششـی لەگەڵ دەکات. داوا لە کەسەکەی دەستەراستی بکە نوێژی بۆبکات دەربارەی ئەو بابەتانەی ئەو هاوبەشی دەکات. ئەگەر هەر تاکەکەسێک کۆشش لەگەڵ شتێکدا بکات کە پێویستی زیاتری بە سەرنجدان هەیە ئەوا دواتر بمێنەوە بۆئەوەی بایەخ بەو کەسەبدەیت.

**تێڕوانین**: کات بەسـەر بەرن بە وتنی گۆرانی پێکەوە هەروەها شـعری گۆرانیەکە ببەسـتنەوە بە بیرۆکەی سـەرەکی خۆشـویسـتنی خودا و خۆش ویسـتنی کەسـانی تر و هاوبەشـیکردنی عیسـا لەگەڵ کەسـانی تر و دەسـتپێکردنی کۆمەڵی نوێ و یارمەتیدانی کەسـانی تر بۆئەوەی هەمان شـت بکەن. لەبری ئەوەش خەڵک دەتوانێت هاوبەشی دەقەکانی کتێبی پیرۆز بکات کە ئەم بیرۆکە سەرەکیانە دەگەیەنن.

**ﻗ سەکردن بۆزانینی ئەوەی تۆبا شیت**: داوا لەهەرتاکە کەسـێک بکە هاوبەشـی بکات چـۆن ئەو پابەندبونەی جێبەجێکرد کە لە هەفتەی پێشوو نوسیبووی:

1- تۆ چۆن گوێڕایەڵی ئەو شتەت کرد کە فێری بویت؟
2- تۆ ڕاهێنانت بەکێ کرد لەو شتەی کەفێری بویت؟
3- تۆ لەگەڵ کێ هاوبەشی چیرۆکەکەت یا چیرۆکی خودا کرد؟

ئەگەر ئەوان بیریان بچێت پابەندبونێک جێبەجێ بکەن یا ئەو هەلەیان نەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەوا دەبێت ئەو پابەندبوونانەی هەفتەی پێشوو بخرێنە سەر پابەندبونەکانی ئەم هەفتەیە. ئەگەر یەکێک بەسادەیی گوێڕایەڵیکردنی شتێک ڕەتبکاتەوە کە ئەو بە ڕوونی لە خودای بیستووە ئەوا ئەوە دەبێت وەک پرسی بەرزەفتکردنی (انظباط) کڵێسە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت.

**سەیرکردنی سەرەوە [ ۳/۱ی کاتەکەت]**

**نوێژبکە**: لەگەڵ خودا بە سادەیی و بە کورتی قسە لەگەڵ خودا بکە. داوا لەخودا بکە ئەم دەقە فێری تۆبکات.

**بخوێنە و گفتوگۆبکە**: دەقی ئەم هەفتەیە بخوێنە. گفتوگۆی ئەم پرسیارانەی خوارەوەبکە:

1- تۆ حەزت لەچی هەبوو دەربارەی ئەم دەقە؟
2- تۆ چیت دۆزیەوە بەرەنگاری بێت یا قورس بێت بۆ تێگەیشتن دەربارەی ئەم دەقە؟ دەقەکەی ئەم هەفتەیە دووبارە بخوێنەوە.
3- ئێمە چی دەتوانین فێربین دەربارەی خەڵک لەم دەقەوە؟
4- ئێمە چی دەتوانین فێربین دەربارەی خودا لەم دەقەوە؟

**سەیری بەرەو پێش بکە [ ۳/۱ ی کاتکەت]**

گوێڕایەڵی بکە و ڕاهێنان بکە و هاوبەشی بکە: بەلایەنی کەمەوە پێنج خولەک بەسەربەرە بە نوێژکردنی بێدەنگ. داوا لەهەموو یەکێک بکە نوێژبۆ گیانی پیرۆز بکات بۆئەوەی ئەوان نیشانبدات چۆن وەلآمی ئەم پرسیارانە بدەنەوە، پاشان پابەندون بکە. دەبێت هەموو یەکێک پابەندبونەکان بنوسێت بۆئەوەی ئەوان بتوانن بەزانینەوە نوێژبۆ خەڵک بکەن و پابەندبونەکانیش بەرپرسیاریان بکەن. ڕەنگە ئەوان گوێبیستی شتێک نەبن کە پەیوەندی بە هەموو پرسیارێکەوە هەبێت هەموو هەفتەیەک. دەبێت ئەوان تێبینی بکەن ئەگەر ئەوان هاوبەشی وەلآمێک بکەن کە لێی دڵنیا نین ئەوان لەخوداوە گوێبیستی بوون، بەلآم ڕەنگە ئەوان لایان وابێت ئەوە بیرۆکەیەکی باشە چونکە بەرپرسیارێتیەکە بەئاستێکی جیاواز مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت لەو حاڵەتەدا.

5- من چۆن ئەم دەقە پەیرەوبکەم و گوێڕایەڵی بم؟
6- من ڕاهێنان بە کێ بکەم و هاوبەشی لەگەڵ کێ بکەم دەربارەی ئەم دەقە؟
7- خودا دەیەوێت من هاوبەشی چیرۆکەکەم [ ڕاست وتن ] (شهادە) و/یا چیرۆکی خودا لەگەڵ کێ بکەم ئەم هەفتەیە؟

پراکتیزەبکە: بە کۆمەڵی دوو یا سێ کەسی پراکتیزەی ئەوە بکە کە تۆ بەڵێنت داوە ئەنجامی بدەیت لە پرسیاری ٥ و ٦ یا ٧. بۆنمونە، ڕۆڵی ئاخاوتنێکی قورس بگێڕە یا ڕۆڵی فریودانێک بگێڕە و پراکتیزەی فێرکردنی دەقەکەی ئەمڕۆ بکە یا پراکتیزەی هاوبەشیکردنی ئینجیل بکە.

قسەلەگەڵ خودا بکە: لەهەمان کۆمەڵی دوو یا سێ کەسیدا نوێژ بۆ هەرتاکە ئەندامێک بکە بە تاکەکەسی. داوا لەخودا بکە دڵی ئەو خەڵکە ئامادەبکات کە گوێبیستی عیسا دەبن ئەم هەفتەیە. داوای لێبکە ئەو هێز و ژیریت بداتێ بۆئەوەی گوێڕایەڵ ببیت بە پابەندبونەکانتەوە. ئەمە کۆتایی کۆبونەوەکەیە.

پاش ئەوەی هەموو یەکێک تەواوی کرد هاوبەشی نانی ئێوارەی خودابکە یا ژەمێکی نان پێکەوە بخۆن.

**تێبینی**: زنجیرەیەکی پێشنیارکراوی دەقەکان هەیە کە کۆمەڵی **٣/٣** یەکەت دەتوانێت لێکۆڵینەوەی لەسەربکات لە پاشکۆی ڕێبەرەکەدا.

# خولی ٧

لەم خولەدا ئێمە فێری (ســـورێکی ڕاهێنانکردن) دەبین کە یارمەتی قوتابیەکان دەدات لە یەکێکەوە بڕۆن بۆ زۆر و مزگێنیەکەش دەکات بە بزوتنەوەیەک. هەروەها ئێمە پراکتیزەی شـــێوەی کۆمەڵی **٣/٣** دەکەین هەروەها فێردەبین چۆن بەورێگەیەی کۆدەبیتەوە دەتوانێت کاربکاتە سەر ڕێگەی زیادبونی ئێوە.

## سوڕی ڕاهێنانکردن

سوڕی ڕاهێنانکردن بریتیە لە نمونە و یاریدە و چاودێری و جێهێشتن، هەروەها وەک ئەمە کاردەکات:



**نمونه –** نمونه کردن بەســـادەیی نمونەیەکی پراکتیزەکردن یا ئامرازێک دابین دەکات. ئەوە کورت ترین بەشی سوڕی ڕاهێنانکردنە. ئەوە بەئاسایی تەنیا پێویستی بەوەیە یەک جار ئەنجام بدرێت. ئەوە بە سادەیی وشـیاریەک دروسـت دەکات کە پراکتیزەیەک یا ئامرازێک بوونی هەیە و بیرۆکەیەکی گشـتی ئەوە دەدات کە لە چی دە چێت. دووبارەکردنەوەی نمونە کردن ڕێگەیەکی کاریگەرنیە بۆ سازانی یەکێک. ئەوان پێویستیانە ڕێگەیان پێبدرێت خۆیان هەوڵی تواناکەبدەن.

کاتێک منداڵێک یەکێک دەبینێت پاسکیلێک لێدەخوڕێت ئەوە قۆناغی (نمونە) یە.

**یاریدە –** یاریدەدان ڕێگە بەفێرخوازەکە دەدات تواناکە پراکتیزەبکات. ئەوە لەقۆناغی نمونەکردن زیاتر دەخایەنێت. ئەوە پێویستی بە "" دەست گرتن"" هەیە لەلایەن ڕاوێژکارەکەوە. ڕاوێژکارەکە پێویستی بەوەیە ئاراســـتەکەربێت و ڕۆڵی کردەکی ببینێت لە ڕاهێنانکردنی فێرخوازەکە. ئەم قۆناغە تەواو نابێت هەتا فێرخوازەکە بەتەواوی لێهاتوو نەکرێت، بەلاَم بە ڕووتی هەتاکو ئەو لە بنەڕەتیەکانی تواناکە تێدەگات. ئەگەر ئەم قۆناغە بۆماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت، ئەوا فێرخوازەکە گەشـە بە پشـتبەسـتن بە ڕاوێژکارەکە دەدات و قەت پێش ناکەوێت بۆ لێهاتوویی تەواو. دەبێت کۆتایی قۆناغی یاریدە نیشـــانەبکرێت لەلایەن فێرخوازەکەوە کاتێک دەستدەکات بە نمونە کردن بۆکەسانی تر.

کاتێک باوانێک دەســـت بە پاســـکیلەکەوە دەگرێت کاتێک منداڵەکە خەریکی فێربونە بۆ پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی خۆی، ئەوە قۆناغی یاریدەیە.

**چاودێری –** چـاودێریکردن دووروودرێژترین قۆناغە. ئەوە پێکدێت لە پەیوەندی زیاتری ناراسـتەوخۆ لەگەڵ فێرخوازەکە. ئەوە دەگەڕێت بەدوای گەشـــەکردنی لێهاتوویی تەواو لەهەموو ڕووەکانی توانایەک. ئەوە ڕەنگە دەجار یا زیاتر بەقەدەر ماوەی بەستنەوەی یەکەم دوو قۆناغەکە بێت. کاتێک فێرخوازەکە بەرەوپێش دەڕوات لە توانادا ئەوا ڕەنگە پەیوەندی کردنەکە لەگەڵ ڕاوێژکارەکە کەمتر ئاسایی بێت و زیاتر تایبەت بێت. لەم قۆناغەدا فێرخوازەکە وردەوردە بەرپرسـیاریتی و دەسـتپێشـخەری زیاتر وەردەگرێت لە نمایشـکردنی تواناکە. بەشێوەیەکی نمونەیی لە دروستکردنی قوتابیدا نیشانەی کۆتایی ئەم قۆناغە کاتێکە کە فێرخوازەکە بەسەرکەوتوویی باسی تواناکە دەکات بۆ چوارەم نەوە، ئەوکەسانەی کە ئەو ڕاهێنانیان پێدەکات.

کاتێک باوانێک چـاودێری منداڵەکە دەکات کاتێک پاســکیلێک لێدەخوڕێت و دڵنیایی دەکات منداڵەکە توانا و زانیاری تەواوی هەیە بۆ سواربونی پاسکیل بەبێئەوەی سەرپەرشتی بکرێت، ئەمە قۆناغی چاودێکریکردنە.

جێهێشــتن – جێهێشــتن جۆرێکی دەرچــوونە کاتێک فێرخوازەکە دەبێت بە هاوشــانی ڕاوێژکارەکە. ڕەنگە پەیوەندیکردنی خولەکی (دوری) و ڕاوێژکردنی هاوشـــان بەردەوام ڕووبدات ئەگەر فێرخوازەکە و ڕاوێژکارەکە لەهەمان تۆڕدابن

کاتێک باوانێک منداڵەکە بەرەڵادەکات بۆئەوەی سـواری پاسـکیلەکەی بێت بەتەواوی بەبێ سـەرپەرشـتیکردن، ئەوە قۆناغی جێهێشتنە.

## پراکتیزەکردنی شێوەی کۆمەڵەی ٣/٣

چـــالاکی [ ٩٠ خولەک] – داوا لە تەواوی کۆمەڵەکەت بکە ٩٠ خولەکی دواتر بەســـەربەرن بە پراکتیزەکردنی شێوەی کۆمەڵەی ٣/٣ بەبەکارهێنانی نمونەکەی بەشی شێوەی کۆمەڵەی ٣/٣ لەلاپەرە ٢٦ – ٢٨.

- **ســـەیری دواوە بکە** – بەرەنگاریە کانی خولی هەفتەی ڕابردوو بە کاربێنە بۆ پراکتیزەکردنی ""بەوەفایی""
- **سەیری سەرەوە بکە** – مەرقۆس ٥ : ١ – ٢٠ بەکاربێنە وەک دەقی خوێندنەوەی کۆمەڵەکەت و وەڵامی پرسیارەکانی ١ – ٤ بدەرەوە.
- **سەیری بەرەو پێش بکە** – پرسیاری ٥ و ٦ و ٧ بەکاربێنە بۆ گە شەپێدانی چۆنیەتی گوێڕایەڵی کردنی خۆت هەروەها ڕاهێنان بکە و هاوبەشی بکە.

**بێتە بیرت** – دەبێت هەر بەشێک نزیکەی ٣/١ [ یا ٣٠ خولەک] ی کاتی پراکتیزەکەت بخایەنێت.

# خولی ٨

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین چــۆن (خانەکانی ڕابەرایەتیکردن) شــوێنکەوتووەکان ئامادەدەکات لە ماوەیەکی کورتدا بۆئەوەی ببن بە ڕابەری ژیانی مرۆڤ. ئێمە فێردەبین چــۆن خزمەتکردنی کەســـانی تر ســـتراتیجی عیســـایە بۆ ڕابەرایەتیکردن. هەروەها ئێمە دووبارە کات بەســـەردەبەین بە پراکتیزەکردن وەک کۆمەڵێکی ٣/٣ .

## خانەکانی ڕابەرایەتیکردن

(خانەکانی ڕابەرایەتیکردن) بریتیە لە کۆمەڵەکانی ٣/٣ کە تەنیا کۆدەبنەوە بۆ کاتێکی پێشـــتر بۆدانراو و سنوردراو [ وەک ئەم کۆرسی ڕاهێنانی زومی ٩ خولە]. مەبەستەکە بۆ سازکردنی کۆمەڵێک خەڵکە بۆئەوەی بڕۆنەدەرەوە و کۆمەڵی خۆیان دابمەزرێنن یا خانەیەکی تری ڕابەرایەتیکردن دابمەزرێنن لەکۆتایی ماوەی ڕاهێنانەکە.

دەتوانرێت ئەم شـــێوازەبەکاربهێنرێت لە چـــەند بارودۆخێکدا. ئەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت لەگەڵ بەشـــە گەڕۆکەکانی دانشـــتوان وەک کۆچـــەری و خوێندکاران و هتد. ئەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت ئەگەر ژمارەیەک خەڵک هەبێت کە پێشـــتر مەســـیحی بون بەڵام لەبەر چـــەند هۆیەک بۆئەوان گونجاونیە کۆمەڵێکی بەردەوام پێکبێنن و ئەوان پێویســـتیانە ڕاهێنادیان پێبکرێت بۆئەوەی دەســـت بەکۆمەڵی خۆیان بکەن. هەروەها ئەوە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت ئەگەر دۆخێک هەبێت کاتێک ژمارەیەک خەڵک دێنە باوەڕەوە لەهەمان کاتدا و کاتێک یا هەلێکی تەواو نیە بۆئەنجامدانی بەدوادا چونی سەرەتایی لەگەڵیان بەتاکەکەسی بە شێوازی ( مەزنترین بەختەوەرکردن) یا هەندێک شێوازی هاوچەشن.

## دووبارە پراکتیزەی شێوەی کۆمەڵی ٣/٣ بکە

**چـــالاکی [٩٠ خولەک]**- داوا لە تەواوی کۆمەڵەکەت بکە ٩٠ خولەکی دواتر بەســـەربەرن بە پراکتیزەکردنی شێوەی کۆمەڵی ٣/٣ بەبەکارهێنانی نمونەکەی بەشی شێوەی کۆمەڵی ٣/٣ لەلاپەرە ٢٦ – ٢٨

ئەم کاتە:

- ســـەیری دواوە بکە – بەرەدگاریەکانی گوێڕایەڵیکردن و ڕاهێنان و هاوبەشـــیکردنی دوا خول بەکاربهێنە بۆئەوەی قسەلەگەڵ یکتری بکەن بۆئەوەی بزانن باشن.
- ســـەیری ســـەرەوە بکە – کردارەکان ٢: ٤٢ – ٤٧ بەکاربهێنە وەک دەقی خوێندنەوەی کۆمەڵەکەت و وەڵامی پرسیارەکانی ١ بۆ ٤ بدەرەوە.
- ســـەیری بەرەوپێش بکە – پرســـیارەکانی ٥ و ٦ و ٧ بەکاربهێنە بۆ گەشـــەپێدانی ئەوەی تۆ چـــۆن گوێڕایەڵی دەکەیت و ڕاهێنان دەکەیت و هاوبەشی دەکەیت.

دەورانی ڕابەرایەتی بکە لەکۆمەڵەکەدا لەســـەرانســـەری خولەکە بۆئەوەی هەموو یەکێک چـــانســـی هەبێت ڕابەرایەتی بکات و نوێژبکات یا پرسیاربکات. هاندان و ڕاهێنان بەیەکتربکەن لەوەی چی ڕاستە و چی باشتر دەبێت بە کەمێک پراکتیزەکردن و چ هەنگاوێکی باشـــی دواتر پێویســـتە بۆ هەرتاکە ئەندامێکی کۆمەڵەکە بۆئەوەی زیاتر گەشەبکات.

**بێتە بیرت** – دەبێت هەر بەشێک نزیکەی **٣/١** [یا **٣٠** خولەک] ی کاتی پراکتیزەکردنەکەت بخایەنێت.

# خولی ٩

لەم خولەدا ئێمە فێردەبین چۆن نمونە هێڵیەکان گەشەی شانشین ڕادەگرێت و چۆن بیرکردنەوەی نا یەک لەدوای یەک یارمەتی تۆدەدات قوتابیەکان زیادبکەیت. ئێمە ئاشکرای دەکەین کات چەند گرنگە لە دروستکردنی قوتابیدا و چۆن هەنگاوەکانمان خێرابکەین. ئێمە فێردەبین چۆن شوێنکەوتوانی عیسا دەتوانن ببن بە (بەشێک لە دوو کلێسە) بۆئەوەی خێزانە بەوەفاکان و ڕۆحانیەکان بکەن بە جەستەیەکی فراوانی شاری گەشەکردووی باوەڕداران. لەکۆتاییدا ئێمە فێردەبین چۆن پلانێکی سادەی **٣** مانگە دەتوانێت سەرنج بخاتەسەر هەوڵەکانی تۆ و کاریگەریەکانی تۆ زیادبکات لە گەشەکردنی خێزانی خودا بۆ دووئەوەندە.

## پلانی ٣ مانگە

ئێستا تۆ ئاشناکراویت بە هەندێک ئامرازی بنەڕەتی قوتابیدروستکردن، کات بەسەربەرە بە نوێژکردن و داوا لەخوداش بکە بەدیاریکراوی ئەو چی لەتۆ دەوێت تۆ بیکەیت لەگەڵ ئەوان لە سێ مانگی دواتر. کاتێک تۆ کات بەسەردەبەیت بە گوێگرتن لەخودا ئەم پلانەی خوارەوە پڕبکەوە. هاوبەشی پلانەکەت بکە لەگەڵ هاوبەشی ڕاهێنانەکەت و خشتەیەکی بەرپرسیارێتی بەدواداچونیش دابنێ کاتێک ئێوە دڵنیایی لەیەکتری دەکەن لە هەفتەکانی (١،٢،٣،٤،٦،٨،١٢) لەئێستاوە.

من هاوبەشی چیرۆکەکەی [ ڕاستی وتن]ی (شهادە)خۆم و چیرۆکی [ئینجیل] خودا دەکەم لەگەڵ ئەم تاکە کەسانەی خوارەوە:

من بانگێشی ئەم کەسانەی خوارەوە دەکەم بۆئەوەی دەست بە ( کۆمەڵی بەرپرسیارێتی) بکەن لەگەڵ من:

من داوا لەم کەسانەی خوارەوە دەکەم بۆئەوەی دەست بە (کۆمەڵی بەرپرسیارێتی) خۆیان بکەن و ڕاهێنانیان پێدەکەم چۆن ئەنجامی بدەن:

من بانگێشی ئەم کەسانەی خوارەوە دەکەم بۆئەوەی دەست بە کۆمەڵی **٣/٣** بکەن لەگەڵ مندا:

من داوالەم کەسانەی خوارەوە دەکەم بۆئەوەی دەست بە (کۆمەڵی **٣/٣**) ی خۆیان بکەن و ڕاهێنانیان پێدەکەم چۆن ئەنجامی بدەن :

من بانگێشی ئەم کەسانەی خوارەوە دەکەم بۆئەوەی بەشداریبکەن لە (ڕێکردنی نوێژکردن) لەگەڵ مندا:

من ئەم کەسانەی خوارەوە سازدەکەم بۆئەوەی هاوبەشی چیرۆکی خۆیان و چیرۆکی خودا بکەن و لیستێکی ١٠٠ی دروست بکەن لەو خەڵکانەی لە تۆڕی پەیوەندیاندا هەیە:

من داواله م کەسانەی خوارەوە دەکەم ئامرازی (سوڕی نوێژکردن) بەکاربێنن لەسەر بنەمای خولەکی (دوری):

من ئامرازی (سوڕی نوێژکردن) بەکاردێنم هەموو ----------------[ڕۆژ/هەفتە/مانگ] جارێک

من ڕێکردنی نوێژکردن دەکەم هەموو-----------------[ڕۆژ/هەفتە/مانگ] جارێک:

من بانگێشـــی ئەم کەســـانەی خوارەوە دەکەم ببن بە بەشـــێک لە (خانەی ڕابەرایەتیکردن) کە من ڕابەرایەتی دەکەم:

من هانی ئەم کەسانەی خوارەوە دەدەم ئەزمونی ئەم کۆرسی (ڕاهێنانی زومی) یەیان هەبێت :

پابەندبونی تر:

# ڕاهێنانکردنی پێشکەوتوو

# خولی ١٠

لەم خولی ڕاهێناتکردنی پەشـــکەوتووەدا ئێمە ســـەیری ئەوەدەکەین چـــۆن پێشـــکەوین بۆ ئاســـتی دواتری هێزەکانی ڕاهێنـانکردنەکەمان بە هەڵســـەنگاندنێکی خێرای لیســـتی وردبینی. ئێمـە فێردەبین چـــۆن (ڕابەرایەتیکردن) لە (تۆڕەکان)دا ڕێگەدەدات بە کۆمەڵی گەشـــەکردووی کلێســـە بچـــوکەکان پێکەوە کاربکەن بۆئەوەی تەنانەت شـــتی زایتر بەدەســـتبێنن. هەروەها ئێمە فێردەبین چـــۆن گەشـــەبدەین بە کۆمەڵەکانی ڕاوێژکەری کەسانی هاوشان ئەوانەی کە ڕابەرەکان دەبەنە ئاستێکی نوێی تەواوی گەشەکردن.

## لیستی وردبینی ڕاهێنانکردن

لیســـتی وردبینی ڕاهێنانکردن ئەو ئامرازە بەهێزەیە کەتۆ دەتوانیت بەکاریبێنێت بۆ ئەوەی بەخێرایی هێزەکان و بێ حەســـانەییەکانی خودی خۆت هەڵســـەنگێنیت ســـەبارەت بە دروســـتکردنی ئەو قوتابیانەی کە زیاددەبن. هەروەها ئەوە ئامرازێکی بەهێزە کە تۆ دەتوانیت بەکاریبێنیت بۆئەوەی یارمەتی کەســـانی تر بدەیت – کەسانی تریش دەتوانن بەکاریبێنن بۆئەوەی یارمەتی تۆبدەن.

ئەم هەنگاوانەی خوارەوە بەکاربێنە بۆ ئەنجامدانی ئەم [٥ خولەک یا کەمتر] هەڵسنگاندنی خودە:

- **هەنگاوی ١ –** بەناو (ئامرازەکانی ڕاهێنانکردنی قوتابی) خوێندنەوە بکە لە ستونی ئەوسەری چەپی لیستی وردبینیەکە.
- **هەنگاوی ٢ –** هەریەک لە ئامرازەکانی ڕاهێنانکردن نیشـــانەبکە بەبەکارهێنانی ئەم شـــێوازەی خوارەوە:
    - ئەگەر تۆ ئاشنانیت یا لە ئامرازەکە تێناگەیت ئەوا ستونە **ڕەشەکە** نیشانەکە.
    - ئەگەر تۆ تاڕادەیەک ئاشـــنایت بەلاّم هێشـــتا دڵنیانیت دەربارەی ئامرازەکە ئەوا ســـتونە **سورەکە** نیشانە کە.
    - ئەگەر تۆ تێدەگەیت و دەتوانیت ڕاهێنان لەســـەر بنەڕەتیەکانی ئامرازەکە بکەیت ئەوا ستونە **زەردەکە** نیشانەبکە.
    - ئەگەر تۆ باوەڕت بەخۆهەیەو دەتوانیت بەکاریگەریانە ڕاهێنان لەســـەر ئامرازەکە بکەیت ئەوا ستونە **سەوزەکە** نیشانەبکە.

بیّتەبیرت – دڵنیایی بکە بۆ هاوبەشـــیکردنی ئەنجامەکانی لیســـتی وردبینی ڕاهێنانکردن لەگەڵ (ڕاهێنەری زومی)یەکەی خۆت و/یا هاوبەشـــی ڕاهێنانکردنی خۆت یا ڕاوێژکارێکی تر. ئەگەر تۆ یارمەتی ڕاهێنەربدەیت یا ڕاوێژی یەکێک بکەیت هاوبەشـــی ئەم ئامرازەبکە بۆیارمەتیدانی هەڵســـەنگاندنی ئەوەی چ ڕووبەرێک پێویستی هەیە بە ڕاهێنانکردن و بایەخی تۆ.

# لیستی وردبینی ڕاهێنانکردن

| ڕەش: ڕاهێنان بکە بەزانیاری نوێ و دڵنیایی بکە لە تێگەیشتن<br>سور: وەستاندن و مانەوە لەگەڵیان هەتا ئەوان بنەڕەتیەکانیان دەبێت.<br>زەرد: چاودێری لێهاتوویی نەگۆر بکە<br>سەوز: بەرەو پێش برۆ و جێیان بێڵە و کەسانی تر بدۆزەوە بۆ گەشەکردن | نمونە | یاریدە | چاودێری | جێهێشتن |
|---|---|---|---|---|
| | وشیارنیە | بێ توانا | لێهاتوو | بەتوانا |
| | ڕۆڵی ڕاوێژکار | | | |
| | ڕاوێژکار ئاراستەکردن و زانیاری دەبەخشێت | ڕاوێژکار ئاراستەکردن و پشتگیری دەبەخشێت | ڕاوێژکار پشتگیری و هاوندان دەبەخشێت | ڕاوێژکار هەواڵ وەردەگرێت |
| | چۆن پلانەکان دادەنرێن | | | |
| **ئامرازی ڕاهێنانکردن** | ڕاوێژکار بریاردەدات | ڕاوێژکار/ڕاوێژکرا و گفتوگۆدەکات ڕاوێژکار بریاردەدات | ڕاوێژکار/ڕاوێژکرا و گفتوگۆدەکات ڕاوێژکار بریاردەدات | ڕاوێژکراو بریاردەدات |
| ڕابەرایەتیکردنی ساوا | | | | |
| چیرۆک (ڕاستی وتن) ی (شهادە) خۆت بگێرەوە | | | | |
| چیرۆک (ئینجیل)ی خودا بگێرەوە. | | | | |
| بەرێوەبەردنی پەیوەندیەکان – لیستی ١٠٠ | | | | |
| هەنگاو | | | | |
| خزمەتکردنی نایەک لەدوای یەک | | | | |
| پێکهاتنی کۆمەڵی ٣/٣ | | | | |
| کڵێسەی سادە – خودا و خەڵک خۆش بوێت و قوتابی دروست بکە | | | | |
| بون بە بەشێک لە دوو کڵێسە | | | | |
| سوری ڕاهێنانکردن | | | | |
| کۆمەڵەکانی بەرپرسیارێتی | | | | |
| خۆراکپێدانی خود | | | | |
| • خوێندنەوەی ڕۆژانەی وشەکە [گوێرایەڵیکردن] | | | | |
| • نوێژکردن – قسەکردن و گوێگرتن [سوری نوێژکردن] | | | | |
| • ژیانی جەستە – هاوڕییەتی [هی یەکتری] | | | | |
| • چەوساندنەوە و ئەشکەنجە | | | | |
| چاو بۆبینینی ئەوشوێنەی (شانشینەکە) ی لێ نیە. | | | | |
| گەران بەشوێن (کەسی ئاشتی) یەکە [مەتتا ١٠ لوقا ١٠] | | | | |
| ڕێکردنی نوێژکردن | | | | |
| بون بە کڵێسە | | | | |
| • هاوڕێیەتی [پێکەوە نان بخۆن، هی یەکتر] | | | | |
| • ستایشکردن و خوداپەرستن | | | | |
| • کتێبی پیرۆز [ گوێرایەڵیکردن و ڕاهێنان] | | | | |
| • ڕاهێنان بەخەڵک بکە سەبارەت بە عیسا [ هاوبەشی بکە] | | | | |
| • لەئاوهەڵکێشان | | | | |

## کۆمەڵەکانی ڕاوێژکردنی کەسانی هاوشان

عیسا گووتی – "" من فەرمانێکی نوێتان دەدەمێ: یەکتریتان خۆش بوێت. وەک من ئێوەم خۆش ویست، بەوشێوەیە دەبێت ئێوە یەکتریتان خۆش بوێت. بەهۆی ئەمەوە هەموویەکێک دەزانێت ئێوە قوتابی منن ئەگەر ئێوە یەکتریتان خۆش بوێت.""

(کۆمەڵی ڕاوێژکردنی کەسانی هاوشان) کۆمەڵێکە کە پێکدێت لەو کەسانەی کە ڕابەرایەتی دەکەن و دەست بە کۆمەڵەکانی ۳/۳ دەکەن. هەروەها ئەوە پەیڕەوی شێوەیەکی **۳/۳** دەکات و ڕێگەیەکی بەهێزە بۆ هەڵسەنگاندنی تەندروستی ڕۆحی کاری خودا لەڕووبەرەکەی تۆ.

کۆمەڵەکانی ڕاوێژکردنی کەسانی هاوشان ڕاوێژکردنی ڕابەر بە ڕابەر بەکاردێنن لەگەڵ شوێنکەوتوانی تاککەسی عیسا یا لەگەڵ کڵێسە سادەکان یا لەگەڵ ڕێخکراوەکانی نوێژکردن یا تەنانەت لەگەڵ تۆڕێکی کڵێسەی سادەی جیهانی کە دەگاتە سەرانسەری جیهان.

بەشداربوانی کۆمەڵی ڕاوێژکردنی کەسانی هاوشان سەیری نیشاندەرەکانی ئامانج دەکەن بە پەیڕەویکردنی ستراتیجی عیسا بۆ خزمەتکردن و پرسیاکردن و وەڵامدانەوە. ئەم خولانە لە نیەتدا نین خۆپەرستی هیچ کەسێک زیادبکەن یا یەکێک والیبکەن هەست بە کەمی بکات. ئەوان لەنیەتدان ڕێنمایی و جۆش پێشکەش بکەن.

ئەم پێکهاتنە سادەیە بەکاربێنە

**سەیری دواوەبکە** [ ۳/۱ی کاتی تۆ ]

لەماوەی یەک لەسەر سێ – کات بەسەربەرە بە نوێژکردن و بایەخدان تەنیا وەک ئەوەی تۆ ئەنجامی دەدەیت لە کۆمەڵێکی بنەڕەتی **۳/۳**. دواتر کات بەسەربەرە بەسەیرکردنی تێڕوانین و بەوەفایی کۆمەڵەکە لە پابەندبونەکانی پێشوو.

تۆ چۆن بەباشی بە مەسیحەوە پابەندیت؟ [ کتێبی پیرۆز، نوێژکردن، متمانە، گوێڕایەڵی، پەیوەندیە سەرەکیەکان؟] ئایا کۆمەڵەکەی تۆ پلانەکانی کرداری خولی ڕابردووی تۆیان تەواو کرد؟ چاویان پیابخشێنە.

**سەیری سەرەوە بکە** [ ۳/۱ ی کاتەکەی تۆ]

داوا لە کۆمەڵەکەبکە گفتوگۆی پرسیارە سادەکانی خوارەوە بکەن:

1- تۆ چۆن کاردەکەیت لەهەر بەشێکی خشتەی (چوار ڕووبەر)ەکە؟
2- چی بەباشی کاردەکات ؟ گەورەترین بەرەنگاری تۆ چییە؟
3- چاوبخشێنە بە نەخشەی نەوەیی ئێستای خۆت.
4- چی بەرەنگاری تۆبووەوە یا تۆ چیت دۆزیەوە تێگەیشتنی گرانبێت؟
5- بەم دواییە خودا چی نیشانی تۆی داوە؟

6- ئایا هیچ پرسیارێک هەیە لەلایەن ڕابەرە وەرزیەکانەوە یا بەشداربوانی ترەوە؟

**سەیری بەرەوپێش بکە [٣/١ ی کاتی تۆ]**

کات بەســـەر بەرە بە نوێژکردنی بێدەنگ لەگەڵ هەموو یەکێک لە کۆمەڵەکەدا بەداواکردن لە گیانی پیرۆز بۆئەوەی نیشانیان بدات چۆن وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە:

7- خودا داوای چ پلانێکی کردار یا ئامانجێکی لەمن کرد پراکتیزەی بکەم پێش کاتی داهاتوومان پێکەوە؟ [ ئامرازی (چوار ڕووبەر)ەکە بەکاربێنە بۆیارمەتیدانی سەرنج خستنەسەر کارەکەت ]

8- چۆن ڕاوێژکارەکەم یا (ئەندامانی کۆمەڵ)ی تر لەم کارەدا یارمەتیم دەدەن؟

لەکۆتاییدا وەک کۆمەڵێک کات بەسەر بەرە کاتێک قسەبۆخودا دەکەیت لەنوێژکردندا

داوا لەکۆمەڵەکە بکە نوێژبکات بۆئەوەی نوێژ بۆ هەرتاکە ئەندامێک بکرێت هەروەها داوا لەخودا بکە دڵی هەموو ئەوانە ئامادەبکات کە کۆمەڵەکە پێیان دەگەن لەماوەی کاتی خۆیان بەجیا.

نوێژبۆ خودا بکە بۆئەوەی ئازایەتی و هێز بدات بەهەر تاکە ئەندامێک ئەوە پەیڕەوبکات کە خودا فێری کردووە لەم خولەدا و گوێڕایەڵی بکات. ئەگەر ڕابەرێکی وەرزی پێویســـتی بوو بەدیاریکراوی نوێژبکات بۆ ڕابەرێکی گەنجتر ئەمە کاتی بێگەردە بۆ ئەو نوێژکردنە.

چونکە ئەم کۆمەڵانە بەزۆری لە دوورەوە یەکتردەبینن ئەوا چاوەڕێناکرێت تۆ ئاهەنگی نانی ئێوارەی خودا بگێڕیت یا هاوبەشی ژەمێکی نان خواردن بکەیت بەڵام دڵنیایی بکە بۆ تەرخانکردنی کات بۆ قسەکردن لەسەر تەندروستی و خێزان و هاوڕێکان.

## خشتەی تایبەت بە دەستنیشانکردنی چوار ڕووبەر




**ڕووبەری زیادکردن**: لەگەڵ کێ و چۆن و کەی تۆ پاڵاوتن دەکەیت بۆ خەڵکی بەوەفا و سازیاندەکەیت و بەرپرسیارێتیان دەخەیتە سەر بۆ زۆربوون؟

**ڕووبەری چۆڵ**: لەکوێ و لەگەڵ کێ [ چ کۆمەڵێکی خەڵک] تۆ پلان دادەنێیت بۆ فراوانکردنی شانشینەکە؟

**ڕووبەری تۆوکردن**: لەکوێ و لەگەڵ کێ تۆ هاوبەشی هەواڵەخۆشەکەی (شانشینەکە) دەکەیت؟ تۆ چۆن ئەوە ئەنجام دەدەیت؟

**ڕووبەری گەشەکردن**: تۆ چۆن خەڵک سازدەکەیت و گەشەیان پێدەدەیت بەشێوەی ڕۆحی و تاکەکەسی و لەتۆڕی سروشتی خۆیاندا ؟

**ڕووبەری دروێنەکردن**: چۆن خێزانە ڕۆحانیە نوێیەکان [ کڵێسە سادەکان] پێکدەهێنرێن؟

## پێکهاتنی نوێنەرایەتی کڵێسەی سادە لەسەر خشتەی نەوەیی




## ناوی ڕابەری کۆمەڵ




## شوێن/بەرواری دەستپێکردن

## پاشکۆ

زنجیرەکانی کۆمەڵی ۳/۳

**زنجیرەکانی هیوا[ بۆ پشکنەرەکان ]**

ئەم دەقانەی خوارەوە بەکاربێنە بۆ بەشی "" سەیرکردن بۆسەرەوە"" ی کۆمەڵەکەت. ڕەنگە کۆمەڵەکەی تۆ پێویستی بە زیاتر لەیەک کۆبونەوە هەبێت بۆ هەندێک لە دەقەکان.

1- هیوا بۆ گوناحکار: لوقا ۱۸: ۹ – ١٤
2- هیوا بۆ هەژار: لوقا ۱۲: ۱۳ – ۳٤
3- هیوا بۆ ڕاکردوو: لوقا ۱۵: ۱۱ – ۳۲
4- هیوا بۆ لەکیس چوو: لوقا ۱۹: ۱ – ۱۰
5- هیوا بۆ خەم: یوحەننا ۱۱: ۱ – ٤٤
6- هیوا بۆ پشکنەر: یوحەننا ۳: ۱ – ۲۱

**نیشانەکانی یوحەننا [ بۆ پشکنەرەکان ]**

ئەم دەقانەی خوارەوە بەکاربێنە بۆ بەشی "" سەیرکردن بۆسەرەوە""ی کۆمەڵەکەت. ڕەنگە کۆمەڵەکەی تۆ پێویستی بەزیاتر لە یەک کۆبونەوە هەبێت بۆ هەندێک لە دەقەکان.

1- گۆڕینی ئاو بۆ شەراب: یوحەننا: ۲: ۱ – ۱۲
2- چاککردنەوەی کوڕێکی کاربەدەستی پاشایی یوحەننا ٤: ٤٦ –٥٤
3- چاککردنەوەی کەسێکی ئیفلیج بوو: یوحەننا: ٥: ۱ – ۱۷
4- خۆراکپێدان بە پێنج هەزار: یوحەننا ٦: ۱ – ١٤
5- ڕێکردن بەسەر ئاودا: یوحەننا ٦: ۱٥ – ۲٥
6- چاککردنەوەی پیاوێکی کوێر لە زگماکەوە: یوحەننا ۹: ۱ – ٤۱
7- زیندوکردنەوەی لازارەس لە مردن: یوحەننا ۱۱: ۱ – ٤٦

ڕێڕەوی دەستپێکردن: یەکەم ۸ کۆبونەوە ئەمە گونجاوە بۆ ئەو کەسانەی کە پێشتر مەسیحیین بەڵام لەم جۆری کۆمەڵەدا نەبوون پێشتر. ئەم بەشی پراکتیزەکردنە ڕێبەری دەکرێت و گشتییە بۆ ئەم ۸ خولە. دەست بە پراکتیزەکردنی تاکەکەسی دەکرێت لە کۆبونەوە یەک لەدوای یەکەکان.

**1- چیرۆکەکەی خۆت بگێڕەوە**

**سەیری سەرەوە بکە**: مەرقۆس ٥: ۱ – ۲۰. بایەخی تایبەت بدە بە ئایەتەکانی ۱۸ – ۲۰.

**پراکتیزەبکە**: پراکتیزە بکە بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆت. تۆ پێویستت بەوە دەبێت چیرۆکەکەی خۆت ئامادە بکەیت و ئامادەش بیت بۆ هاوبەشی کردنی لەگەڵ خەڵک کاتێک تۆ باسی عیسایان بۆدەکەیت. لێرە پێت دەڵێت تۆ چۆن دەتوانیت چیرۆکی خۆت بگێڕیتەوە:

- باسی ژیانی خۆت بکە پێش ئەوەی شوێن عیسا کەوتیت. وەسفی ئەمانە بکە: هەستەکانت [ ئازار، تەنیایی] و پرسیارەکانت [ چی ڕوودەدات پاش مردن؟] یا ئەو تێکۆشانانەی تۆ هەت بوو پێش شوێن کەوتنی عیسا.
- باسی ئەوە بکە تۆ چۆن بویت بە شوێن کەوتووی عیسا. باسی عیسایان بۆبکە! چیرۆکە سەرەکیەکەی عیسا بریتیە لە مە: ئێمە هەموومان خراپەمان لەگەڵ خودا کردووە بە گوناحەکانمان. ئێمە دەمرین بەهۆی گوناحەکانمانەوە. بەڵام ئێمە لە مردن ڕزگاردەکرێین کاتێک باوەڕ بەعیسا دەهێنین، عیسا کە مرد لەبەر گوناحەکانمان و نێژرا و زیندووکرایەوە لە مردن.
- باسی ژیانی خۆت بکە پاش شوێنکەوتنی عیسا. باسیان بۆبکە چۆن عیسا ژیانی تۆی گۆڕی. باسی ئەو خۆشی و ئاشتی و لێبوردەییە بکە کە عیسا پێتی بەخشی.
- بانگێشی وەڵامێک بکە. دەبێت چیرۆکەکەی تۆ داوای وەڵامێک بکات. بە پرسیارێک کۆتایی بێنە کە یارمەتیت دەدات ئاستی ئارەزووی ڕۆحی کەسەکە بدۆزیتەوە. پرسیاری شتێک بکە وەک: "" تۆ دەتەوێت بزانیت چۆن دەتوانیت ببوردرێیت؟ "" یا ""تۆ دەتەوێت خودا ژیانت بگۆڕێت؟""

- بەکورتی بیهێڵەوە [ ٣ خولەک یا کەمتر] دەبێت چیرۆکەکەت کورت و خۆش بێت. بێزارکەرمەبە و ئەوەند زۆریش قسەمەکە کە گوێگرە کە ئارەزوو لەکیس بدات.
- پراکتیزەبکە بە گێڕانەوەی چیرۆکی خۆت بۆ یەکێک لەکۆمەڵەکەت.
- ٥ کەس بدۆزەوە بۆ ئەوەی بۆیان بگێڕیتەوە. نوێژبکە. داوالەخودا بکە بۆ ئەوەی نیشانت بدات ئەو ٥ کەسە کێن کە تۆ دەیانناسیت و ئەویش لەتۆی دەوێت چیرۆکەکەی خۆت بۆیان بگێڕیتەوە ئەم هەفتەیە.

---

### 1. چیرۆکی عیسا بگێڕەوە

**سەیری سەرەوە بکە:** ١ کۆرینتیان ١٥: ١ – ٨، رۆمەکان ٣: ٢٣، رۆمەکان ٦: ٢٣

**پرارکتیزەبدکە:** داوا لەهەموو یەکێک بکە لە کۆمەڵەکەتدا پراکتیزەبکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی عیسا بەبەکارهێنانی ( شەش پاڵوی ئینجیلی) یا شێوازێکی سادەی تر بەکاربێنە. چیرۆکەکەی خۆت و چیرۆکی عیسا بۆ ٥ کەس بگێڕەوە ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە ئەنجام بدە.

---

### 2. پەیرەوبکە و ڕاوبکە

**سەیری سەوەرەبکە:** مەرقۆس ١: ١٦ – ٢٠

**پراکتیزەبکە:** لیستێک لەسەر پارچەکاغەزێکی بەتاڵ دروست بکە و ناوی ١٠٠ کەسی لەسەربنوسە کە تۆ دەیانناسیت [ خێزان، هاورێ، هاوسێ، هاوکار یا هاورێی قوتابخانە ] ئەوانەی پێویستیان بە گوێبیستنە لە عیسا. چیرۆکی خۆت و چیرۆکی عیسا بگێڕەوە بۆ ٥ کەس ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە ئەنجام بدە.

---

### 4. لەئاوهەڵکێشان

**سەیری سەرەوە بکە:** رۆمەکان ٦: ٣ – ٤ و کردارەکان ٨: ٢٦ – ٤٠

**پراکتیزەبکە:** ئاوێک لە نزیکەوە بدۆزەوە [ بانیۆ، حەوزی مەلەکردن، ڕووبار، دەریاچە] هەروەها هەموو باوەڕدارە نوێیەکان لەئاوهەڵکێشە. بەردەوامبە لە لەئاوهەڵکێشانی خێرای خەڵک کاتێک دەبن بە باوەڕدار. بۆئەوەی زیاتر فێری لەئاوهەڵکێشان بیت سەیری ئەمانە بکە: کردارەکان ٢: ٣٧ – ٤١، ٨: ٥ – ١٣، ٨: ٣٦ – ٣٨، ٩: ١٠ – ١٩، ١٠: ٤٧ – ٤٨، ١٦: ١٣ – ١٥، ١٦: ٢٧ – ٣٤، ١٨: ٥ – ٩ هەروەها ١ کۆرینتیان ١: ١٠ – ١٧، کردارەکان ١٩: ١ – ٥، کردارەکان ٢٢: ١٤ – ١٧ .

چیرۆکی خۆت و چیرۆکی عیسا بۆ ٥ کەس بگێڕەوە ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە ئەنجام بدە.

---

### 5. کتێبی پیرۆز

**سەیری سەرەوە بکە:** ٢ تیموتی ٣: ١٤ – ١٦

**پراکتیزەبکە:** ٧ پرسیارەکەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز [ پرسیارەکان ١ – ٧ بەشێوەیەکی سادەی کۆبونەوە] لەبەرکە و بۆ گوێگرانی بڵێ.

چیرۆکی خۆت و چیرۆکی عیسا بۆ ٥ کەس بڵێ ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە ئەنجام بدە.

---

### 6. لەگەڵ خودا قسەبکە

**سەیری سەرەوە بکە:** مەتتا ٦: ٩ – ١٣

**پراکتیزەبکە:** دەستت بەکاربێنە بۆئەوەی فێربیت چۆن قسەلەگەڵ خودا دەکەیت. وەک کۆمەڵێک نوێژبکە لەڕێی نوێژی عیساوە لە مەتتا ٦: ٩ – ١٣ بەبەکارهێنانی دەستت وەک ڕێبەرێک.

1 **ناودەست = پەیوەندی**. لەبەرئەوەی ناودەست بناغەی پەنجەکانمانە، کاتی تەنیایی لەگەڵ خودا بناغەیە بۆ پەیوەندی کەسێتیمان لەگەڵ ئەو. "" باوکمان لەئاسمان ...."" [ مەتتا ٦: ٩]

2 **پەنجەگەورە = خودا بپەرستە**. پەنجە گەورەمان ئەوە دەهێنێتەوە بیرمان کە دەبێت ئێمە خودا بپەرستین پیش ئەوەی داوای هەرچیەک بکەین. "" ناوت بە پیرۆزی بمێنێتەوە."" [مەتتا ٦: ٩]

3 **ئەسپێ کوژە = خۆت ڕادەست بکە**. دواتر ئێمە ژیان و پلان و خێزان و دارایی و کار و ئایندە و هەمووشێکی خۆمان ڕادەست دەکەین. "" شانشینی تۆ دێت و ویستی تۆ جێبەجێ دەبێت..."" [ مەتتا ٦: ١٠]

4 **دۆشاومژە = داوابکە**. دواتر ئێمە داوا لەخودا دەکەین پێویستیەکانمان جێبەجێبکات. "" ئەمڕۆ نانی ڕۆژانەمان بدەرێ."" [ مەتتا ٦: ١١]

5 **برای تو تە = لێخۆشبون**. ئێستا ئێمە داوا لەخودا دەکەین لە گوناحەکانمان خۆش بێت دەبێت ئێمەش لەگوناحی کەسانی تر خۆش بین. "" لەئێمە خۆش بە هەروەک چۆن ئێمە لەکەسانی تر خۆش دەبین.""
[ مەتتا ٦: ١٢]

6 **پە نجە تو تە = بپارێزە**. دواتر ئێمە داوای پارێزگاریکردن دەکەین. "" ڕادەستی فریودانمان مەکە بەڵام لە بەدکاری ڕزگارمان بکە.""
[ مەتتا ٦: ١٣ ]

7 **پەنجە گەورە [ دووبارە] = خودابپەرستە**. ئێمە کۆتایی دەهێنین هەروەک چۆن دەستمان پێکرد – ئێمە خودای بەهێز دەپەرستین – "" ئەوەی تۆ شانشین و دەسەڵات و شکۆداریەکەیە بۆ هەتاهەتایە. ئامین [ مەتتا ٦: ١٣].

چیرۆکی خۆت و چیرۆکی عیسا بۆ ٥ کەس بگێڕەوە ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە ئەنجام بدە.

---

**7. کاتە قورسەکان**

**سەیری سەرەوە بکە**: کردارەکان **٥: ١٧ – ٤٢** و مەتتا **٥: ٤٣ – ٤٤**

**پراکتیزەبکە**: هاوبەشی بکە لەگەڵ کۆمەڵەکەدا دەربارەی ئەو گرفتەی تۆ ڕووبەڕووی بویتەوە بەهۆی باوەڕە نوێیەکەتەوە، ڕەچاوی ئەو گرفتانەبکە کە ڕەنگە تۆ ڕووبەڕووی بیتەوە و ڕۆڵ بگێڕە تۆ چۆن وەڵام دەدەیتەوە – بە بوێری و خۆشەویستی – وەک چۆن عیسا فێرماندەکات. نوێژبکە کاتێک پێویستیەکان دەردەکەون. بۆ هەموو تاکەکەسێک نوێژبکە باش ئەوەی ئەوان هاوبەشی دەکەن. چیرۆکی خۆت و چیرۆکی عیسا بگێڕەوە بۆ **٥** کەس ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە ئەنجام بدە.

---

**8. ببە بە کڵێسە**

**سەیری سەرەوە بکە**: کردارەکان **٢: ٤٢ – ٤٧، ١** کۆرنتیان **١١: ٢٣ – ٣٤**

**پراکتیزەبکە**: گفتگۆبکە کۆمەڵەکەی تۆ پێویستیان بەچیە ئەنجامی بدەن بۆئەوەی وەک ئەو کڵێسەیەیان لێبێت کە لە دەقەکاندا وەسفکراوە. وەک کۆمەڵ لەسەر کاغەزێکی بەتاڵ وێنەی بازنەیەک بەهێڵی خاڵ خاڵکراو بکێشە کە نوێنەرایەتی کۆمەڵەکەی تۆ بکات. لەسەروو ئەوەوە **٣** ژمارە لیست بکە: ئەو ژمارەیەی کە بەئاسایی ئامادەدەبن [ کەسێک بە هێڵ دروستکرابێت]، ئەو ژمارەیەی کە باوەڕیان بە عیسا هەیە [ خاچ] هەروەها ئەو ژمارەیەی کە لە ئاو هەڵکێشراون پاش باوەڕهێنان [ ئاو].



ئەگەر کۆمەڵەکەی تۆ پابەندبوو بەوەی ببێت بە کڵێسەئەوا بازنە هێڵ خاڵ خاڵکراوەکە تۆخ بکە. ئەگەر تۆ بەئاسایی پراکتیزەی هەریەک لەم توخمانەی خوارەوە دەکەیت ئەوا وێنەی توخمەکان لەناو بازنەکەتدا بکێشە. ئەگەر تۆ توخمەکە ئەنجام نەدەیت یا تۆ چاوەڕێی کەسێکی دەرەکی بکەیت بێت بۆ ئەنجامدانی ئەوا وێنەی توخمەکە لە دەرەوەی بازنەکە بکێشە.



1 پابەندبوون بە بوون بە کڵێسە: هێڵی تۆخ لەبری هێڵی خاڵ خاڵکراو.
2 لەئاوهەڵکێشان ( ئاو)
3 کتێبی پیرۆز.
4 یادکردنەوەی عیسا بە نان و جامی ئاو.
5 هاورێیەتی ( دڵ)
6 دەستی بەخشین و نوێژکردنی ( نوێژی نیشانەی پارە ) خزمەت.
7 دەستی نوێژکردن (نوێژ)
8 دەستی بەرزکراوە (ستایشکردن)
9 باسکردنی عیسا بۆ خەڵک (هاوڕی دەستی هاورێ دەگرێت).
10 ئەو بەرەو باوەڕی برد.
11 ڕابەرەکان (دوو دەم و چاوی زەردەخەناوی.

کۆمەڵەکەی تۆ چ شتێکی نیە کە یارمەتی دروستکردنی کلێسەیەکی تەندروست بدات؟
چیرۆکی خۆت و چیرۆکی عیسا بۆ ٥ کەس بگێڕەوە ئەم هەفتەیە. هەموو هەفتەیەک ئەمە بکە.

---

**دواتر لەکوێ؟**

بەناو (ڕێڕەوی دۆزینەوەی ٣/٣) یا (ڕێڕەوی بەهێزکردن) بڕۆ یا کتێبێکی کتێبی پیرۆز هەڵبژێرە وەک یوحەننا یا مەرقۆس [ تەنیا یەک چیرۆک هەڵبژێرە بۆ هەر کۆبونەوەیەک].

---

**زنجیرەکانی دۆزینەوە**

[بۆ ئەو کۆمەلانەی پێویستیان بە ئاشنابون و زەمینەی کتێبی پیرۆز هەیە]
ئەم دەقانەی خوارەوە بەکاربێنە بۆبەشی "" سەیری سەرەوە بکە"" ی کۆمەڵەکەت. ڕەنگە کۆمەڵەکەت پێویستیان بە زیاتر لە یەک کۆبونەوە هەبێت بۆ هەندێک لە دەقەکان.

---

**خودا بدۆزەوە** ( ئەو کە خودایەو لەچی دەچێت)

1 شتە دروست بوەکان (دروست بوون ١)
2 دروستکردنی خەڵک (دروست بوون ٢)
3 سەرپێچیکردنی خەڵک (دروست بوون ٣)
4 نوح و لافاوەکە (دروست بوون ٦: ٥ – ٨: ١٤)
5 بەڵێنی خودا بۆ نوح (دروست بوون ٨: ١٥ – ٩: ١٧)
6 خودا قسە بۆ ئیبراهیم دەکات ( دروست بوون ١٢: ١ – ٧ و ١٥: ١ – ٦)

7 داود دەبێت بە پاشـــای نەوەکانی ئیبراهیم (١ ساموئیل ١٦: ١ – ١٣و ٢ ساموئیل ٧: ١ – ٢٨)

8 پاشا داود و بەتشەبەع (٢ ساموئێل ١١: ١ – ٢٧)

9 چیرۆکەکەی ناتان (٢ ساموئێل ١٢: ١ – ٢٥)

10 خودا بـەڵێن دەدات کـە ڕزگـارکـەرێـک دێت (ئەشعیا ٥٣)

**عیسا بدۆزەوە** ( ئەو کە عیسایەو بۆچی هات)

1 ڕزگارکەرەکە لەدایک بوو (مەتتا ١: ١٨ – ٢٥)

2 لەئاوهەڵکێشـانی عیسـا (مەتتا ٣: ٧ – ٩، ١٣ – ١٥)

3 پیاوێکی شـێت چـاک کرایەوە (مەرقۆس ٥: ١ – ٢٠)

4 عیسا قەت مەڕی لەکیس ناچێت (یوحەننا ١٠: ١ – ٣٠).

5 عیسا کوێرەکە چاک دەکاتەوە (لوقا ١٨: ٣١ – ٤٢).

6 عیسا و زاکیەس (لوقا ١٩: ١ – ٩)

7 عیسا و مەتتا (مەتتا ٩: ٩ – ١٣)

8 عیسا تەنیا ڕێگەیە (یوحەننا ١٤: ١ – ١٥)

9 گیانی پرۆز دێت (یوحەننا ١٦: ٥ – ١٥)

10 دواهەم نانی ئێوارە (لوقا ٢٢: ١٤ – ٢٠)

11 دەستگیرکردن و دادگاییکردن (لوقا ٢٢: ٤٧ – ٥٣و ٢٣: ١٣ – ٢٤)

12 لەسێدارەدان (لوقا ٢٣: ٣٣ – ٥٦)

13 عیسا زیندووە (لوقا ٢٤: ١ – ٧، ٣٦ – ٤٧ و کردارەکان ١: ١ – ١١)

14 باوەڕکردن و ئەنجامدان (فیلیپی ٣: ٣ – ٩)

---

**زنجیرەکانی بەهێزکردن**

[ بۆ ئەو باوەڕدار و کۆمەڵە نوێیانەی پێویستیان بە سەرنجی قوتابێتییە]

عیســا دەڵێت (فێری گوێڕایەڵیکردنی فرمانە بنەڕەتیەکانی عیســا ببە.) بەردەوام بە لە هاوبەشیکردنی عیسا لەگەڵ ئەو کەسانەی لە لیستەکەی تۆدان.

1.1 فێربەو ئەنجام بدە (یوحەننا ١٤: ١٥ – ٢١)!

1.2 تۆبە بکە و باوەڕ بکە و شوێن کەوە. ( مەرقۆس ١: ١٤ – ١٧، ئەفسس ٢: ١ – ١٠)

1.3 لەئاوهەڵکشرێیت (مەتتا ٢٨: ١٩، کردارەکان ٨: ٢٦ – ٣٨)

1.4 خودات خۆش بوێت. خەڵکت خۆش بوێت (لوقا ١٠: ٢٥ – ٣٧)

---

هەروەها عیســا دەڵێت ( فێری گوێڕا یەڵیکردنی فرمانە بنەڕەتیەکانی عیســا ببە.) بەردەوام بە لە هاوبەشـیکردنی عیســا لەگەڵ ئەو کەســانەی لەلیسەتەی خۆتن.

٢,١ لەگەڵ خودا قســەبکە ( مەتتا ٦: ٩ – ١٣) فێری نوێژکردنی نمونەی عیسا بەو پراکتیزەی بکە.

٢,٢ عیســات بێتە بیرو یادی بکەوە (لوقا ٢٢: ١٤ – ٢٠، ١ کۆرینتیان ١١: ٢٣ – ٣٢)

٢,٣ بەخشین بکە (کردارەکان ٤: ٣٢ – ٣٧)

٢،٤بیگەیەنە (مەتتا ٢٨: ١٨ – ٢٠)

---

**شـوێن کەوە وەک چـۆن من شـوێن دەکەوم** (قوتابی دروســت بکە. ئەوەی فێری بو یت بیگە یە نە بە کەسانی تر. ئەم کەسانەش فێربکە بیگەیەنن.

٣,١ قوتابیەک بدۆزەوە (٢ تیمۆتی ١: ١ – ١٤)

٣,٢ بیگەیەنە ( ٢ تیمۆتی ٢: ١ – ٤، ١٤ – ١٦)

٣,٣ فێریان بکە کەسـانی تر فێربکەن ( ٢ تیمۆتی ٣: ١ – ١٧)

٣,٤ کاتە قورسەکان (٢ تیمۆتی ٤: ١ – ٢٢)

---

**کۆ مەڵی ٣/٣ ی خۆت ز یادبکە** (قوتـابیـەکـانـت بۆ کۆمەڵی نوێ کۆبکەوە.

٤,١ دەســت پێبکە و پلانێک دابنێ (لو قا ١٠: ١ – ١١.) گوێ لە ڕێنماییەکانی عیســا بگرە کاتێک تۆ دەست بە کۆمەڵێکی نوێ دەکەیت.

٤,٢ پێکەوە کۆببنەوە (کردارەکان ٢: ١٤ – ٤٧)

٤,٣ کەســی ئاشــتی (مەرقۆس ٥: ١ – ٢٠، ٦: ٥٣ – ٥٦.) بگەڕێ بەدوای ئەو کەســانەی کە حەز بە هاوبەشیکردنی چیرۆکی خۆیان دەکەن دەربارەی عیســا. دەســت بە کۆمەڵێک بکە بەو کەســەو هاوڕێکانی و خێزانەکەی.

٤,٤ کێ ئامادەیە (مەرقۆس ١٣: ١ – ٩ ، ١٨ – ٢٣)

**ڕابەرایەتی بکە:** فێر بە چۆن ڕابەرایەتی کۆمەڵێکی ٣/٣ بکەیت.

٥,١ نمونە [ وەک ئەمە ڕابەرایەتی بکە] (یوحەننا ١٣: ١ – ١٧)

٥,٢ نمونە [ وەک ئەمە ڕابەرایەتی مەکە] (٣ یوحەننا ٥ – ١٤)

٥,٣ یاریدەبە (مەرقۆس ٤: ٣٥ – ٤١)

٥,٤ چاودێری بکە (لوقا ١٠: ١ – ١١، ١٧، ٢٠)

٥,٥ جێبهێڵە (مەتتا ٢٥: ١٤ – ٣٠)

**بڕۆ: خۆجێیی** : فێربە چۆن دەگەیت بە کۆمەڵگا خۆجێییەکەت.

٦,١ بڕۆ: خۆجێیی (کردارەکان ١: ١ – ٨

٦,٢ پارمەتی هەژاربدە. هاوبەشی هەواڵە خۆشەکە بکە (لوقا ٧: ١١ – ٢٣)

٦،٣ بڕۆ بۆ ئەوشوێنەی خودا دەینێرێت (کردارەکان ١٠: ٩ – ٤٨)

٦,٤ بە پلانێکەوە بڕۆ (کردارەکان ١٣: ١ – ٣، ٣٢ – ٣٣، ٣٨ – ٣٩ و ٤: ٢١ – ٢٣، ٢٦ – ٢٧)

**بڕۆ: جیهانی** – فێر بە چۆن دەگەیت بە کۆتاییەکانی زەوی.

٧,١ بڕۆ: جیهانی (کردارەکان ١: ١ – ٨، مەتتا ٢٨: ١٩ – ٢٠

٧,٢ بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی خودا دەینێرێت (کردارەکان ٨: ٢٦ – ٣٨

٧,٣ خودا هەموو کۆمەڵێکی خەڵکی خۆش دەوێت (یوحەننا ٤: ٤ – ٣٠ ، ٣٩ – ٤١)

٧,٤ بە پلانێکەوە بڕۆ (کردارەکان ١٣: ١ – ٣، ٣٢ – ٣٣، ٣٨ – ٣٩ و ١٤: ٢١ – ٢٣، ٢٦ – ٢٧)

**بنەڕەتیەکانت بیتەوە بیر.** فێربە چی بکەیت کاتێک تۆ چاوپێکەوتن دەکەیت.

٨,١ عیسا یەکەمە (فیلیپی ٢: ١ – ١١ )

٨,٢ لەگەڵ خودا قسەبکە (مەتتا ٦: ٩ – ١٣)

٨,٣ کۆمەڵگا (عیبرانیەکان ١٠: ٢٣ – ٢٥)

٨,٤ کتێبی پیرۆز (٢ تیمۆتی ٣: ١٠ – ١٧)

فێری **پا بە ندی** بە بۆ ئەوەی بەهێز بمێنیتەوە و بەردەوام شوێن عیسا بکەویت.

٩,١ سەرپێچیکردن (یونس ١)

٩,٢ پابەند بە (یونس ٢)

٩,٣ گوێڕایەڵ بە (یونس ٣)

٩,٤ بەدرێژی ڕێگاکە گوێڕایەڵ بە (یونس ٤)

٩,٥ بەکاری بێنە یا لەکیســی بدە (مەتتا ٢٥: ١٤ – ٣٠)

**دواتر کوێ؟**

دەقەکانی کتێبی پیرۆزی خۆت هەڵبژێرە و بەردوامیش بە لەچاوپێکەوتن. هەمان شێوەی پرسیار و کۆبونەوەی کۆمەڵ بەکار بێنە. لەچاوپێکەوتن مەوەستە.